# پێكهێنانی زانیاریی و كردە قسەییەكان*

(PP. 39-64)

**د. حاتم ولیا محمد**
زانكۆی سەلاحەددین-كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی-بەشی كوردی
mhatam65@yahoo.com

**ژیان عبدالله محمد**
زانكۆی سەلاحەددین-كۆلێژی پەروەردە-بەشی كوردی شەقلاوە
rwyahayat@yahoo.com

**مێـژووی وەرگرتن:** ٢٠١٥/٠٢/٠٨
**مێژووی قبولكردن:** ٢٠١٥/٠٣/٠٣

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پێكهێنانی زانیاریی و كردە قسەییەكان)ە، ناوەڕۆكی توێژینەوەكە جگە لە پێشەكی، بە شێوەیەكی گشتی لە دوو تەوەر پێكهاتووە: لە تەوەری یەكەمدا، هەوڵدراوە كە لە ڕوانگەی كۆمەڵێك چەمكی جیاكەرەوەیی وەكو زانیاریی كۆن و نوێ، تۆپیك و كۆمێنت، كۆنتراست، نادیاری..هتد جیاوازی نێوان سینتاكس و پراگماتیك لە پێكهێنان و گەیاندنی زانیاریی لە پرۆسەی پەیوەندیكردندا بخرێتە ڕوو لە تەوەری دووەمیشدا باس لە لێكدانەوەی ئەركی زمان لە چوارچێوەی تیۆری كردە قسەییەكانەوە دەكرێت. لە كۆتاییشدا جگە لە لیستی سەرچاوەكان و پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، هەندێ ئەنجام و پشنیارێك خراوەتە ڕوو.

## پێشەكی

ئەم توێژینەوەیە بەناو نیشانی (پێكهێنانی زانیاریی و كردە قسەییەكان)ە. هەوڵێكە بۆ بەدەرخستنی گرنگی ئاستی سینتاكس و پراگماتیك لە پێكهێنان و گەیاندنی زانیاریدا، هەروەها لێكدانەوەی ئەركی زمانە لە دەقدا لەچوارچێوەی تیۆری كردە قسەییەكان.گرفتی توێژینەوەكە لە وەدایە، كە ئایا ئەم توێژینەوەیە دەتوانیت وەڵامی كۆمەڵێك پرسیاری وەك ئەمانەی خوارەوە بداتەوە؟ ئایا ئەركی سەرەكی ئاخاوتن بریتییە لە گەیاندن و وەرگرتنی زانیاریی لە ڕێگای یاسا و ڕێسای تایبەت بە زمانێكەوە؟ ئەم دوو ئاستە بە چ ڕێگایەك دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە گەیاندنی زانیاریدا؟ جیاوازییە بنەڕەتییەكانی نێوان ئەم دوو ئاستە چییە؟ هەروەها كۆمەڵێك پرسیاری تری هاوشێوەی ئەوانە بە مەرجێك لە چوارچێوەی باسەكەدا دەرنەچێت. گرنگی ئەم لێكۆڵینەوەیەش لە وەدا خۆی دەبینێتەوە كە هەوڵدەدات لەروانگەی ڕۆڵی كردە قسەییەكانەوە تیشكێك بخاتە سەر گەیاندنی زانیاریی لە پرۆسەی پەیوەندیكرن لە زمانی كوردیدا. توێژینەوەكەش لە دوو تەوەر پێكدێت؛ لە تەوەری یەككەمدا لە روانگەی چەمكەكانی وەك: زانیاری كۆن ونوێ، تۆپیك و كۆمێنت، كۆنتراست، ناسراوی و نەناسراوی و نادیاری و..... هتد. باس لە جیاكردنەوەی بنجیی نێوان سینتاكس و پراگماتیك دەكرێت. ئەركی زمان لە تەوەری دووەمیشدا لە چوارچێوەی تیۆری كردە قسەیەكانەوە باس لەپێكهێنانی زانیاریی وئەركی زمان و لێكدانەوەی لە دەقدا دەكرێت. هەروەها كردە قسەییە ڕاستەوخۆكان وكردە قسەییە ناڕاستەوخۆكان بە وردی و تێروتەسەلی تاقی دەكرێنەوە؛ بە لەبەرچاوگرتنی هەردووكیان لە هێزی گەیاندن و مەرجە گونجاوەكانی بەكارهێنانیاندا.

### ١- سینتاكس وپراگماتیك

هەریەكە لە سینتاكس وپراگماتیك دوو ئاستی لێكۆڵینەوەن لە زماندا، ئەم دوو ئاستە لە لێكۆڵینەوە نوێیەكانی زمانەوانیدا گرنگیەكی زۆریان پێ دەدرێت هەرچەندە لەڕووی ئاستەكان بە یەكەوە زمان بەڕێوەدەبەن وبە شێوەیەكی تێكچڕژاو بەشداریدەكەن لە ئامانجی سەرەكی زمان كە بریتییە لە گەیاندن وبەردەوامیدان بە كردەی تێگەیشتن و پەیوەندیكردن. زمانەوانان سینتاكس بە كرۆكی ڕستە دادەنێن كە لە پەیوەندی نێوان وشەكانی ڕستە دەكۆڵێتەوە وپەیوەندی ڕووكەشی نێوان هێماكان بە دیاردەخات. سینتاكس بە شێوەیەكی گشتی بە ڕێكخەری پەیوەندی نێوان هێماكان دادەنرێت و( دروستەی سینتاكس وەكو ئاڵۆزترین ڕووی زمان دادەنرێت، لە ئەنجامدا ڕووبەرێكی شایستە بۆ سەرنجدانێكی ورد لە خۆ دەگرێت). (Aitchison2012, p.267) ئەوەی گرنگی سینتاكس دەستەبەر دەكات جیاكردنەوە و دەست نیشانكردنی پەیوەندی هێماكانە بە لۆژیك یان دونیای دەرەوە لە لا یەك و

* ئەم لێكۆڵینەوەیە (مستل)ــە لە نامەیەكی ماستەر.

پەیوەندی قسەکەر بە هێماکان واتە پراگماتیک لە لایەکی ترەوە ڕووندەکاتەوە. پێکهاتەی سینتاکسیش بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەو یەکە فەرهەنگیانەی بەشداری دەکەن لە پێکهێنانی ڕستە ودەق وگوتار و .....هتد. دا کە لە ڕێگای ڕێسای تایبەتییەوە دەخرێنە تەک یەکتر و ڕیزدەکرێن، ئەم ڕێسایانەش کۆمەڵ لەسەریان ڕێککەوتوون. لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی زمان لە ڕێگەی یاسای (بکەر+ بەرکار+کار) بەڕێوەدەچێت. بەڵام لە هەندێک حاڵەتی وەکو دەربڕینی سەرسوڕمان یاخود شانازی پێکردن کار دێتە سەرەتای ڕستەوە، وەک:

١- **هاوڕێی منی تۆ.**
٢- **کوردم ئەمن .**

هەندێ جاریش بەرکار بۆداکۆکیکردن لەسەر واتاکەی دێتە سەرەتای ڕستەوە و ئەمەش ئەگەر بەرکارەکە لە حاڵەتی (ناو) دابێت، وەکو:

١- **ڕۆژنامەکە من هێنام.**
٢- **چێشتەکە من لێمنا.**
٣- **کوردستان گیانمان بۆ تۆ فیدایە.** **(شێرزاد سەبری ٢٠٠٨، ل.٣٣)**

بەڵام ئەگەر واتای ڕستەکە پەیوەستبوو بە ئامانجی قسەکەرەوە ئەوا لێکدانەوانەکە بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی پراگماتیکی وەسفدەکرێت، چونکە لێکدانەوەی واتا لە ڕوانگەی پەیوەستبوونی بە قسەکەرەوە = پراگماتیک وگوێگر. (John I. Saeed 2009, p.17) زانستی پراگماتیک کاتێک دێتە ئاراوە کە پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا بەتەنها وابەستە نەبێت بە ناسینەوەی مانای وشەکان) . (George Yule 2010, p.292) لە ئاخاوتنێکدا. بەڵکو وا بەستەبێت بە زانینی مەبەستی قسەکەر لەم ئاخاوتنەدا، چونکە پراگماتیک بریتییە لە ( لێکۆڵینەوە لەو مانایەی کە قسەکەر مەبەستیەتی و لێکۆڵینەوەش لەوەی ئایا تا **چە**ند پەیوەندی کردن ڕوویداوە لە بەرامبەر ئەوەی کە دەریبڕیووە) لێکدانەوەی مانای هەر گوتنێکیش لەلایەن گوێگرەوە لە ئاستی پراگماتیکیدا پەیوەستە بە ژینگەو دەوروبەری گوتنەکەوە. چونکە (پراگماتیک لە پەیوندییەکانی نێوان زمان و ژینگە و ئەو چواچێوەیە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە بۆ تێگەیشتنی زمانە گۆکراوەکە واتە گوتنەکە). (یوسف شریف سەعید٢٠١٠، ل.٢٢). لێکدانەوەی واتاش لە دەوروبەردا زۆر کات مەرجی راستی لە دەستدەدات، چونکە وابەستە دەبێت بە بیروبۆچوونی گوێگر لەلایەک و مەبەستی قسەکەریش لەلایەکی ترەوە، کە مەرج نیە ئەم بیروبۆچوون و مەبەستەش هاوڕابن. چونکە لەوانەیە دەوروبەری جیاواز گریمانەی جیاوازی هەبێت. هەربۆیەش (پراگماتیک ئاماژە دەست بە گریمانە وپێش گریمانەکان دەکات لە کۆمەڵگەی قسەپێکەرانی زمان، وراستی وناراستی ئەم گریمانەکردنەش لەبەرچاو ناگرێت). (مجید عبدالحلیم الماشطة١٩٨٠، ل.٧١). شایەنی گوتنە دەوروبەر گرنگیەکی زۆری هەیە لە لێکدانەوە پراگماتیکیەکان ودەوروبەری جیاواز گریمانەی جیاواز دروست دەکات. ئەمەش پەیوەستە بە جیاوازی داب ونەریتی کۆمەڵگاکان وجیاوازی هەڵس وکەوت وئاستی ڕۆشنبیری و پلە وپایەی کەسەکانی تاکە کۆمەڵگایەک، ئەم جیاوازیانەش ئەگەر لە ڕێگەی بنەمایەکی تایبەتەوە شی کردنەوەیان بۆ نەکرێت وبەدواداچوون بۆ تێگەیشتن لەمەبەستی قسەکەر بە هەند هەڵنەگیرێت ئەوا کردەی پەیوەندیکردن بەرەو لاواز بوون دەچێت وئەرکی خۆی لەدەست دەدات. بۆ ڕێگەگرتنیش لەم حاڵەتە نەخوازراوە دەبێ لە شیکردنەوەی هەر گوتنێکدا بۆ هەڵێنجانی گریمانەی پێشەکی پراگماتیکی و زانینی مەبەستی قسەکەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدائەنجامدراوە. ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوانەش پێویستی بە توانایەکی باشی قسەکەران هەیە کە ئەویش توانستی پراگماتیکیە. کە زمان دەخاتە ناو دامەزراوەیەک لە چواچێوەی بەکارهێنان وپەیوەست بوونی بە نیاز و مەبەستی قسەکەرەوە. (VJ. Cook and Mark Newson2007, p.19) .

## ١- چەند جیاکردنەوەیەکی بنەڕەتیی سینتاکس وپراگماتیک

بەر لەوەی کە سەیری ئەو هەڵبژاردنە جۆراو جۆرانە بکەین کە لەلایەن سینتاکسی زمانی کوردییەوە بۆ پێکهێنانی زانیاریی دەستەبەردەکرێت،پێویستە پێناسەی ژمارەیەک جیاکەرەوەی بنەڕەتی بکەین. کە جیاکەرەوەی واتایی سەراپاو سەرەکیین و تایبەت نین بە زمانێکی دیاریکراوەوە.

### ١ - ٢ زانیاری کۆن و نوێ: Given and new Information

زانیاری کۆن یان (دراو) هەمیشە زانراوە بۆ بەشداریکەرەکان کە لە دەقێکی پیشووتردا باسکراوە لە کاتێکدا زانیاری نوێ نەزانراوەو بۆ یەکەم جار لەدەقەکەدا پێشکەشدەکرێت. زانیاری کۆن لە وانەیە بە هۆی دەوروبەری دەقەکەوە یان بە هۆی هە

ڵۆیستێکەوە وروژێنرابێت یان هەڵێنجرابێت. واتە لەوانەیە بە روونی لە دەقێکی پێشووتردا باسکرابێت یان بە شێک بێت لە دەوروبەری ئاخاوتندا بۆ نموونە هەمیشە کەسی یەکەم و دووەم ناسراون لە لایەن هەموو گفتوگۆیەکی زمانیی کە لەنێوان تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا بەدەوری ئاڵو گۆڕکردنی زانیاری کۆن ونوێدا دەخولێتەوە، لە نێوان بەشداریکەرانی ئاخاوتندا. زۆربەی جاریش ئەم ئاڵوگۆڕکردنە لە ئەنجامی پرسیارکردنی قسەکەر لە ڕێگەی زانیاریەکی کۆنەوە کە پێشتر هەیبووە ئەنجامدەدرێت. کە زانیانی زمان ئەم زانیاریە کۆنە بە (باس) ناو دەبەن و، وەڵامدانەوەی گوێگریش لەڕێگەی پێشکەشکردنی زانیارییەکی نوێیەوە زمانەوانەکان بە (خواس) ناوی دەبەن. لەم نموونەیەی خوارەوەدا ئەمە ڕوون دەکەینەوە:

٦- **<u>ماڵی براکەت</u> لە کام <u>گەڕەکی شاری هەولێرە؟</u>**
باس باس

٧- **لە <u>گەڕەکی شۆڕش</u>.**
خواس

دەبینین لە ڕستەی یەکەمدا قسەکەر کۆمەڵێک زانیاری کۆنی هەیە و لەڕێگەی ئەمانەوە دەیەوێ زانیاری تازەتر لە گوێگر وەربگرێت. زانیاریەکانیش ئەوەن کە ئەو پێشتر دەزانێ برای گوێگر ماڵی هەیە و ماڵیشی لە شاری هەولێرە، بەڵام نازانێت لەکام گەڕەکە؟ زانیاریە نوێیەکەش ئەوەیە کە گوێگر دەیبەخشێ و لە وەڵامدا دەڵێ لە گەڕەکی شۆڕشە. زانیاری نوێ گرنگیەکی زۆری هەیە لە بەردەوامیدان بە پرۆسەی پەیوەندیکردن. هەربۆیەش بەهای ڕۆنانی زانیاری لە کۆتایی هەر ئاخاوتنێکدا زیاتر ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوە. چونکە زۆربەی جار زانیاریە نوێیەکان دەکەونە کۆتایی هەر ئاخاوتنیک ،هەرچەندە جیاکردنەوەی کۆن و نوێ مەرج نییە تەنها لە ئاخاوتندا بکرێ (تەنانەت لە سنووری تاکە ڕستەیەکیشدا قسەکەر وگوێگر دەتوانن زانیاری کۆن و نوێ دیارییکەن بەهۆی دەوروبەرەوە کە نەک هەر پلە وپایەی هاوبەشەکان، بەڵکو زانیاری هاوبەش و بیروباوەڕیان و باری قسەکردنیش دەگرێتە خۆ) لەم ڕستەیەخوارەوەدا (من) دەبێتە (باس) بەڵام بەهۆی دەوروبەرەکەیەوە نابێتە نوێ.. (ساجیدە عەبدوڵا فەرهادی ٢٠٠٣، ل.٦٤).

بۆ نموونە:

٨- **من لە گەڵ تۆ نایەم.**

بێگومان هەڵبژاردنەکانی سینتاکس بۆ چۆنیەتی ڕێکخستن وپێشکەشکردنی زانیاریەکان لە هەرزمانێکدا ڕۆڵی کارای خۆی هەیە لە ناسینەوە و دەست نیشانکردنی زانیاری کۆن ونوێ. لە زمانی کوردیدا کە هەمیشە بە فرێزێکی ناوی دەستپێدەکات. بە زۆری ئەو زانیاریانەی تێدایە کە گوێگر پێشتر دەیانزانێت، واتە (زانیاری کۆن). ئەوەش بێگومان پەیوەست دەبێ بە دەور وبەرو ڕستەکانی پێشتر لەناو دەقێکدا. وەک:

٩- **<u>بە دوای تەقینەوەکەی مایسی هەولێر</u> <u>دەنگی ناڕەزایەتی ڕووی لە زیادی کرد</u>**
باس (زانیاری کۆن) خواس (زانیاری نوێ)

لێرەدا چونکە (تەقینەوەکەی هەولێر) لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی پێشتر و دەوروبەری نازمانییەوە بۆ وەرگر ناسراوە، ئەوەی وەک زانیاری نوێ لێرەدا هەیە (ڕوو لە زیادیکردنی دەنگی ناڕەزایەتی)یە کە بەشی دووەمی ئەم دەقە پێکدەهێنێت) (ڕەحیم قادر سورخی ٢٠٠٥، ٧١). لە ئەنجامی پێناسەکردنی هەریەکە لە باس وخواس (کۆن و نوێ) دەتوانرێت لە ڕستەیەکدا جیایان بکەینەوە و لەڕێگەی ئەو پێناسەیەی کە دەڵێ (باس ئەو بەشەی ڕستەیە کە باسی لێوە دەکرێ و ئاسایی زانیاری کۆن دەردەبڕێ. خواسیش ئەو شتە دەگرێتەوە کە لە بارەی باسەوە دەگوترێت یان دەدرێتە پاڵی و ئاسایی زانیاریی نوێ دەدات بە دەستەوە، هەرچەندە لەهەندێ زماندا جیاوازی نێوان ئەم دوو دیاردەیە لە فۆڕمدا بە ئاشکرا بەدەردەکەێت، بەڵام لە زۆر زماندا ئەم جیاوازییە بەهۆی هۆکاری ڕستەسازیی و فۆنۆلۆجیەوە بەدەردەکەوێت، وەکو گۆڕینی ڕیزبوونی کەرەسەکان، پاش و پێشکردنیان لە ڕستەدا وبەکارهێنانی هێز وئاواز. (د.محمد معروف فتاح ٢٠١٠، ل.٣٢٩). بۆ نموونە قسەکەرێکی زمانی ئینگلیزی لە کاتی بەخشینی زانیاریەکی نوێ لە نوسیندا هەوڵدەدات بە پیتی گەورە ئاماژە بە زانیاریەکە بکات. بۆ زیاتر دەرخستن وزەقکردنەوەی زانیارییە نوێیەکە لەناو چەند زانیاریەکی کۆندا، بۆ نموونە:

10- <u>How many</u> books on linguistics has mary written
خواس

11- Mary has written <u>Two</u> books on linguistics.
خواس

ئەوەی لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێ، ئەوەیە کە هەندێک جار تەنانەت لە پرسیاری قسەکەریشدا (خواس) هەیە. نەک هەر تەنها لە وەڵامی گوێگردا، وەکو دەبینین ئەو وشە پرسەی کە پرسیارەکەی پێکراوە بە گوێرەی گوێگر زانیاریەکی نوێیە چونکە ئەو پێشتر نەیزانیووە کە قسەکەر پرسیاری دەربارەی ژمارەی ئەو کتێبانە لێ دەکات کە ماری نووسیویەتی. کەواتە (How many) یش دەبێتە خواس. (Andrew Radford , et al. 2009, p.390) هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد مەرج نیە کە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری کۆن ونوێ تەنها لە ڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە بێت، وەک لەم ڕستەیەی خوارەوەدا ڕووندەبێتەوە:

**١٢ - دەزانی تازە زانیوومە کە ئازاد دووکتێبی لەسەر زمانەوانی نوسیوە؟**

باس    خواس    باس    خواس    خواس

ئەگەر بەوردی سەرنجی ڕستەی (١٢) بدەین، دەبینین کۆمەڵێک زانیاری کۆن ونوێ لە خۆ دەگرێت. بێ ئەوەی کە ڕستەکە وەڵامی پرسیارێک بێت.

### ١ – ٣ تۆپیک وکۆمێنت : Topic and Comment

دەتوانین بڵێین هەموو ڕستەیەک لە ڕووی زانیاریەوە لە دوو بەش پێک دێت کە ئەوانیش (تۆپیک وکۆمێنت)ن،(تۆپیک) یش کەسێکە یان شتێکە کە مەبەستی سەرەکی قسەکەرە، (کۆمێنتیش) ئەوەیە کەدەربارەی (تۆپیک) دەدوێت یاخود تۆپیک ڕووندەکاتەوە. بۆ نموونە:

**١٣ - پێشمەرگە    سەربەخۆیی کوردستان دەپارێزێت.**

تۆپیک    کۆمێـــــــــنت

لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی ئاسایی تۆپیک هەمیشە وەکو بکەر دەردەکەوێت یاخود پەیوەستە بە بکەرەوە، کۆمێنتیش پەیوەستە بە بەشی کردارەوە. دەبێ ئەوەش لە یادنەکەین کە جگە لە پەیوەندی سینتاکسی دەبێ تۆپیک وکۆمێنت پەیوەندییەکی لۆجیکیش لە نێوانیاندا هەبێت. بۆ نموونە بڕوانە:

**١٤ - دیوارەکە نانەکەی خوارد.**

دەتوانین بڵێین (دیوارەکە) تۆپیکە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لۆجیک ڕێگا نادات کە (نانەکەی خوارد) ببێتە کۆمێنتی (دیوارەکە). چونکە (تۆپیک) هەڵگری زانیاری کۆنە وناسراوە بەڵام (کۆمێنت) هەڵگری زانیاریەکی نوێیە و تەواوکەری زانیاریە کۆنەکەیە کە تۆپیکە. بەڵام دەشێ لە هەندێک هەڵویستی نا تایبەتیدا تۆپیک ببێتە زانیارییە نوێیەکە و کۆمێنتیش ببێتە زانیارییەکی کۆن.وەک:

**١٥ - سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان پێشمەرگە دەیپارێزێت.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا هەرچەندە کە (سەربەخۆیی کوردستان) تۆپیکی ڕستەکەیە و بۆ یەکەمجار پێشکەشکراوە بەڵام زانیارییەکی نوێیە. لە کاتێکدا (پێشمەرگە دەیپارێزێت) لە دەورووبەری ئاخاوتنەکەدایە و زانیارییەکی کۆنە. بەڵام ئەرکی کۆمێنتێک دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان دەبینێت. هەر دوو زاراوەی (Comment, Topic) یش لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگیراون ،کە لە زمانی کوردیدا زاراوەی (Topic) وشەی (سەرتۆپ)ی بۆ بەکارهێنراوە و ئەو پێکهاتەیە دەگرێتەوە کە مەبەستی ڕستەکەیە و زاراوەی (Comment) یش وشەی (کۆمێنت)ی بۆ بەکارهاتووە، کە مەبەست لێی ئەو پێکهاتەیەیە، کە دەربارەی سەرتۆپە. (کاروان عومەر قادر ٢٠٠٨، ل.١٤٠). هۆکاری هاتنی تۆپیک لە سەرەتای ڕستەوە دەگەڕێتەوە بۆ ویستی قسەکەر کە دەیەوێ سەرەتا بە زانیاریەکی زانراو لەلایەن گوێگرەوە دەستپێبکات و لەڕێگەی ئەویشەوە تیشک بخاتە سەر زانیاریە تازەکە بە گوێرەی گوێگر لە کۆمێنتی ڕستەدا.

### ١ – ٤ هێنانە پێشەوە : Preposing

کرداری هێنانە پێشەوەی توخمێکە کە قسەکەر دەیەوێ لەناو قسەکانیدا قورسایی و سەرنجی زیاتر بۆ ئەم توخمە ڕابکێشێت. واتە بەهۆی مەبەستێکی تایبەتیەوە جێگۆڕکێیەکی ڕێگەپێدراو لە پێکهاتەی تایبەت بە ڕۆنانی سینتاکسی زمان دێنێتە ئاراوە. بە مەرجێک ئەم هێنانە پێشەوەیە کاریگەریی لەسەر تەواوی و ناتەواوی واتا دروست نەکات. هەروەها بەهۆی ئەم دیاردەیەوە توخمە گواستراوەکان بەهیچ شێوەیەک دۆخی ڕێزمانی خۆیان ناگۆڕن. بەڵکو هەمان ئەرک و دۆخی ڕێزمانی جێبەجێدەکەن. لە زمانی کوردیدا پێکهاتەی ڕستە بریتیە لە (بکەر. بەرکار. کار) ئەوەی کە لە ڕۆنانی ئەم پێکهاتەیەدا ڕێگەی پێدراوە، تەنها دەتوانرێت بەرکاری ڕستەکە پرۆسەی هێنانە پێشەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت واتە گوێزانەوەکە تەنها لە بەشی بکەر وبەرکاردا ڕوودەدات و بەشی کردار بە جێگیری دەمێنێتەوە ئەوەش بێگومان وەکو وتمان پەیوەستە بە واتای گشتی و ڕۆنانی سینتاکسی زمانی کوردییەوە. بەشێوەیەکی گشتیش هەموو ئەو کاتیگۆریانەی کە پەیوەستن بە بەشی بکەر و بەرکار) وەکو (فرێزی ناوی، فرێزی

ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری) هێنانە پێشەوەیان لەسەرئەنجامدەدرێت. لێکۆڵەرانی وەکو ("Prince, Ward") بە پشت بەستن بە ئاواز و رۆنانی زانیاریی، هێنانە پێشەوە، بۆ دوو جۆر دابەش دەکەن:

ا۔ بە لوتکەکردن: Topicalization ب ۔ هێنانەپێشەوەی تیشکۆ: Focus Preposing (گۆنا عومەرعبدالله ٢٠١٣، ل.٥٩).

کرداری هێنانە پێشەوەی توخمەکانی ڕستە لە زمانێکەوە بۆ زمانیکی تر جیاوازە. ئەمەش بێگومان بەهۆی جیاوازی پێکهاتەی سینتاکسی هەر زمانێکەوەیە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا کە پێکهاتە سینتاکسیەکەی بریتیە لە (فعل-فاعل- مفعول- VSO) واتە کردار دەبێتە تۆپیک تیایدا، ئەمانیش لە گوتارە سیاسی و ئاینیەکاندا بە تایبەت هەڵدەستن بە (گۆڕینی پێکهاتەی کرداری ڕستە بۆ پێکهاتەی ناویی، ئەویش بە هێنانە پێشەوەی بکەر یاخود جێناو یاخود ناو، ئەمەش بۆ جەخت کردنەوە لە ڕۆڵی بکەر یان هێنانە پێشەوەی ڕاستیە چەسپاوەکان. بۆ نموونە: (( ان التراب **الوطني** والقومي يعتبر في منزلة الوادی المقدس **طوی**))، کە لە بنەڕەتدا ڕستەکە بەم شێوەیەیە: يعتبر التراب **الوطني** والقومي في منزلة الوادي المقدس **طوی**) (د.محمود عکاشه ٢٠٠٥، ل.١٩)

### أ. بەلوتکە کردن : Topicalization

بەهۆی کاریگەری باری دەرونی وهەبوونی مەبەستێکی تایبەت لە قسەکردندا قسەکەر ڕیزکردنی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ جۆرە ڕیزکردنێکی نائاسایی بە جوڵاندنەوەی توخمی مەبەست بۆ لای ڕاستی ڕستە. ئەم دیاردەیەش لە زماندا پێیدەگوترێت بە لوتکە کردن. ( ئێمەش لە ژێر ڕۆشنایی بۆ چوونەکەی (Hoegman) کە گواستنەوەی بە لوتکە کردن بە جۆرێک لە گواستنەوەی پیاهەڵواسین (Adjunction) دادەنێت. بە لوتکەکردن دیاردەیەکە کە تیایدا هەندێ لە کەرەستەکانی ڕستەیەک بەهۆی بەکارهێنانی "پێکهاتوویەکی نیشانەکراو Marked Construction" وەک لووتکەیەک ۔ Topic هەڵدەبژێرێت یان تایبەت دەکرێت. بە لوتکەکردن دیاردەیەکی تری زمانەوانیەو پەیوەندی بەجوڵاندن و شوێنپێ (Trace) وە هەیە. بۆ نموونە کردارێکی وەکو ( (خواردن)) پێویستی بە دوو ئارگیۆمێنت هەیە و لەهەر زمانێکیشدا ئەو ئارگیۆمێناتانە دیاریکراوە. بۆ نموونە:

**١٦ - من شۆربای برنج ناخۆم.**

ڕستەی (١٦) رستەیەکی نیشانە نەکراوە لە رووی سینتاکسییەوە بەوەی کە کە کەرەستە سەرەکییەکانی رستەکە لە شوێنی ئاسایی خۆیانن و بە پێی یاسا ریزکراون. بەڵام زمان بوار بە پێشخستنی بەرکار یان باس لێکراو دەدات. وەک:

**١٧ - شۆربای برنج من نایخۆم.**

لە کاتی ئەنجامدانی گوێزانەوەیەکدا، کاتێک بەرکارێک دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستە ئەوا (لە شوێنە چۆڵەکەی بەرکارەکەشدا شوێنپێیەک بە جێدەهێڵرێت و لەگەڵ کەرەسە هێنراوەپێشەکەدا هاونیشانە دەبێت. بەڵام ئەم شوێنپێیە جیاوازە لە شوێنپێی ئەو فرێزە ناوییەی کە بە خورتی دەخرێتە پێشەوە بۆ ئەوەی دۆخی ڕێزمانی وەربگرێت، چونکە هەندێ جار ئەم گواستنەوانە لە ڕێسای هاوسێیەتی لادەدەن، واتە بەسەر زیاتر لە نۆدێکی بەندکەردا تێدەپەڕێت. بروانە:

**١٨ - pro زۆر بە پەلە و بێ بیرکردنەوە کتێبەکانم کڕی.**

**١٩ - کتێبەکان pro زۆر بەپەلە وبێبیرکردنەوە کڕیمن.**

**(محەمەدی مەحوی ٢٠٠١، ل.١٦٥)**

پاش وپێشکردنی بکەر وبەرکار هەندێ جار بۆ جەختکردنە لەسەر کەرەسەیەکی ڕستەکە، بۆ ئەو مەبەستەی کە دەیەوێت بە گوێگری بگەیەنێت، بێ ئەوەی کار لە واتای گشتی ڕستەکە بکات، بۆ نموونە دەکرێ بەرکاری ڕستە بە ڕێگەی لوتکاندنەوە ۔ بە پێی یاسایەکی گوێزانەوە ۔ بخرێتە سەرەتای ڕستەوە، وەکو:

**٢٠- شوان کەوەکەی فرۆشت.**

**٢١ - کەوەکە شوان فرۆشتی.**

**لێرەدا ناکرێ بەرکار وکارەکە پێش وپاش بخرێن وبڵێین:**

**٢٢- شوان فرۆشتی کەوەکە.**

چونکە ئەم ڕستەیە لای قسەکەری زمان پەسەند نیە و بە ناڕێزمانی لە قەڵەم دەدرێت. نا ڕێزمانی بوونی هەندێک ڕستە لە ئەنجامی بەکارهێنانی بە لوتکەکردنی بەرکار تیایاندا لەباری جیاوازدا ڕوودەدات کە قسەکەری هەمان زمان بە ئاسانی هەست بە نا پەسندی و ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە دەکەن. بۆ نموونە هەندێک لە لێکۆڵەرانی زمانی کوردی وەکو محمدی مەحوی، کاروان عومەر،

شیلان عومەر) ئاماژە بەو ڕاستیە دەکەن کە لەکاتی بە لوتکە کردنی بەرکاری کارێکی تێپەڕی سادەدا ئەوا زۆر جار حاڵەتی نا ڕێزمانی ڕوودەدات. (میدیا جلال مجید ٢٠١٢، ل.٥٤)

بۆ نموونە:

**٢٣ - تابلۆ هەنار دەخوات .**

**ئەگەر بە لوتکەکرنی بەرکاری تێدا ئەنجام بدرێت ئەوا دەبێتە:**

**٢٤ - هەنار تابلۆ دەیخوات.**

لێرەدا جۆرە قورسیەک لە دەربڕین و ناوێزەییەک لە ڕستەکەدا بەدەردەکەوێت، لەبەر ئەوەشە دەتوانین بڵێین ئەم ڕستەیە نا ڕێزمانییە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە قسەکەر هەوڵ دەدات لەڕێگەی ناسراوکردنی بەرکار بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی ناساندنی ( ەکە ) وە خۆی لەم حاڵەتە نا ڕێزمانییە ڕزگار بکات وبەم شێوەیە ڕستەکە دەربڕێت:

**٢٥ - هەنارەکە تابلۆ دەیخوات .**

ئەم حاڵەتە نا ڕێزمانییەی ئەو ڕستەیە ئەگەر بەشە کردارییەکەی کارێکی ناسادەبێت کەمتر ڕوودەدات. بۆ نموونە:

**٢٦ - شادیە کتێبەکانی بۆ هێنامەوە.**

**٢٧ - کتێبەکان شادیە بۆی هێنامەوە.**

لێرەدا کاری ڕستەکە بریتیە لە ( هێنانەوە ) کە کارێکی داڕژاوە، کاتێک بەرکارەکەی بە تۆپیک کراوە ڕستەکە بە ناوێزە نایەتە بەر چاو و جۆرە ئاسانییەکیشی پێوە دیارە لە کاتي دەربڕیندا. بە گشتی ئەوەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بۆم دەرکەوتووە جیاکردنەوەی بکەری سینتاکسی کە هەمیشە تۆپیکە لە باری ئاساییدا لەگەڵ بەرکاری بە تۆپیک کراو کارێکی زۆر ئاسان نیە بە تایبەتی بۆ قسەکەری ئاسایی و قسە پێکەرانی زمانی دووەم، چونکە وەکو وتمان بە لوتکەکردن لە ڕێسا لادانێکی ڕێگە پێدراوە. ئەویش لە حاڵەت و باری مەبەستی تایبەتی و پراگماتیکی دا بەتایبەتیش لە کاتی گفتوگۆی بەردەوام، یاخود لە ناو دووتوێی دەقێکدا، کە بێگومان شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەم بارەش پێویستی بە کەسی زمانەوان وشارەزا هەیە. هەرچەندە هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بە بوونی هەندێک جیاکەرەوە دەکەن لە نێوان بکەر وبەرکاری بە تۆپیک کراو. جیاکەرەوەکانیش وەکو:

- هەبوونی فاریزە لە دوای بەرکاری بەتۆپیک کراو نەبوونی فاریزەیەک لە دوای بکەری سینتاکی.
- هەبوونی جۆرە قورسیەک لە دەربڕینی بەرکاری بە تۆپیک کراو، نەبوونی ئەم قورساییە لە دەربڕینی بکەری سینتاکسی.
- هەندێک جار هەبوونی ئاوازەیەکی ئاماژە پێکەر بۆ هەبوونی مەبەستێکی تایبەت لە کاتی دەربڕینی بەرکاری بە تۆپیک کراو، نەبوونی ئەم ئاوازەیە لە بکەری ڕێزمانیدا. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم نا ئاسانییە لە جیاکردنەوەی ئەو حاڵەتانەی کە تۆپیکەلآیزەیشن تێیدا ڕووی داوە لە ڕستەیەکی ئاسایي لەوانەیە تەنها پەیوەست بێت بە زمانی کوردیەوە، چونکە لە هەندێک زمانانی تری وەکو یابانی وکۆری بکەر وبەرکار مۆرفیمی جیاوازیان پێوە دەلکێت ئەمەش وا دەکات کە بە ئاسانی بناسرێنەوە.

ئەوەی کە تا ئێرە دەربارەی بە لوتکە کردندا تاوتوێمان کردووە بە لوتکەکردنی بەرکار بووە، بەڵام زۆر جاریش تێبینی ئەوە دەکرێت کە (کاری) ڕستەش بەمەبەستی جۆراو جۆری وەکو بایەخپێدان وجەختکردنەوەوە بە لوتکە دەکرێت. سەرەنجام ( هەر یاسایەکی ڕێزمانی بەشێکی ڕستە بگوێزێتەوە سەرەتای ڕستە (بیکا بە باسلێکراو) بە لوتکاندن ناو دەبرێت. (شلێر ڕەسول بەرزنجی٢٠٠٤، ل.٦٧). بۆ نموونە:

**٢٨-هاتن شەهیدان بەجلی سووری خوێناوی.**

لەم دێرە شیعرەی سەرەوەدا دەبینین کە حاڵەتی بە لوتکەکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی هونەرەکانی ئەدەب، ئەو هونەرانەی کە تێکەڵاوی هەستەکانی شاعیر دەبن وکاردەکەنە سەر پێکهاتەی زمانی نووسەر، وخوێنەر لە ڕێگەی سیاق ودەوروبەرەوە دەتواتێ مەبەستەکەی لا دەستەبەر بێت.

### ب . گوێزانەوەی فۆکەس ( تیشکۆ ) Focus Preposing

بەشێوەیەکی ئاسایي لە زماندا تیشکۆ بریتي یە لە بەکارهێنانی هێز وئاوازە لە لایەن قسەپێکەرانی هەر زمانێکەوە ئەمەش لە ڕووی سینتاکسەوە بۆ لێک جیاکردنەوەی برگەکان وئاسانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی قسەکردن وتەنانەت زۆر جار شوێنی تیشکۆ وا بەستە دەبێت بەجۆرەکانی ڕستەوە بۆ نموونە لەڕستەی هەواڵداندا تیشکۆ بە زۆری دەکەوێتە سەر بەشی (کار).

بۆ نموونە:

**٢٩ - باران <u>دەبارێت</u> .**

قورسایي تیشكۆ دەكەوێتە سەر ( دەبارێت )، قسەكەر لە كاتی دركاندنی ئەم ڕستەیەدا بێ ئاگا هێز دەخاتە سەر بەشی كۆمێنت، بەڵام لە ڕستەی پرسیاردا قورسایی تیشكۆ دەكەوێتە سەر ووشە یان ئامرازی پرسەوە، بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەكو:

**٣٠ - کێ هـــات ؟**

هێزي تیشكۆ لە سەر (كێ) یە كە شوێنی بكەری گرتۆتەوە یاخود لە ڕستەیەكی

وەكو:

**٣١ - ئەوە كێ یە لە دەرگا دەدات ؟**

دیسان تیشكۆ لە سەر وشەی پرسەكەیە، لە ڕستەی فەرماندانداا قورسایي تیشكۆ دەكەوێتە سەر (بكەر) ی ڕستەكە، بۆ نموونە:

**٣٢ - تارا دەرگای ژوورەكە داخە.**

لە ڕستەی داخوازیدا قورسایی تیشكۆ دەكەوێتە سەر ئەو وشەیەی كە خۆزگەكەی پێ دەخوازێت، بۆ نموونە:

**٣٣- خۆزگە بارانێكی بە ڕەحمەت دەباری.**

كەواتە لەناو هەر ڕستەیەكدا تیشكۆ ئاماژە بە یەک كەرەستەی ئەم ڕستەیە دەدات. بەڵام كاتێک تیشكۆ بۆ مەبەستی زیاتر چاڵاككردنی زانیاریەكان ودەرخستنی گرنگی ئەو زانیاریانەی كە قسەكەر دەیەوێ لە ڕێگەی تیشكۆ خستنەسەرێكی جیاواز لە تیشكۆی ڕێزمانی بیگەیەنێت بە گوێگرەوە ئەوا لەم حاڵەتەدا جۆرە گوێزانەوەیەك لە تیشكۆدا ڕوودەدات وقسەكەر بە ئەنقەست ئاوازەی تیشكۆكە دەخاتە سەر ئەو پێكهاتەیەی كە خۆی مەبەستیەتی بەمەش (ئەو پێكهاتەیەی كە تیشكۆدارە– لۆجیكیانەو لە ناو مێشكدا لە جێكەوتەی بنەڕەتی خۆی دەرهێنراوە وخراوەتە سەرەتای ڕستەكە، بەمەش تیشكۆ دەبێتە هۆی دەرهێنانی لۆجیكیانەی ئەو پێكهاتەیەی تیشكۆكەی لەسەر دەكەوێت وخۆی جیادەكاتەوە لە دەرهێنانی ڕێزماندا. (كاروان عومەر قادر ٢٠٠٦، ل.١٢٨). لە ئاخاوتندا گواستنەوەی تیشكۆ پەیوەستە بەو هێز وئاوازەیەی كە قسەكەر بە ویستی خۆی دەیخاتە سەر ئەو پێكهاتەیەی ئاخاوتن كە خۆی مەبەستیەتی، بەڵام لە نووسیندا نووسەر هەوڵدەدات ئەو پێكهاتەیەی كە تیشكۆداری كردوە بیخاتە سەرەتای ڕستە وكرداری هێنانە پێشەوە جێبەجێبكات. بۆ نموونە:

**٣٤ - ئەو قوتابیەی  كە پلەی یەكەمي بەدەست هێناوە ئازادە.**

لێرەدا قسەكەر ( ئازاد )ی مەبەستە و تیشكۆی خستۆتە سەری، بەڵام بۆ زیاتر جەختكردنەوەی لە تیشكۆداری (ئازاد) قسەكەر هەڵدەستێت بە گواستنەوەی پێكهاتەی تیشكۆدار بۆ سەرەتای ڕستە، بۆیە ڕستەكە دەبێتە:

**٣٥ -  ئازاد ئەو قوتابیە كە پلەی یەكەمی بەدەست هێناوە.**

### ١ – ٥ ڕستەی شەقبوو : Cleft Sentences

ڕستەی شەقبوو جۆرێكە لە لاڕستەی شوێنكەوتوو خواز بە جۆرێك (كە سەرەڕای ئەو پەیوەندیەی كە لە نێوان جۆرەكانی ڕستەدا هەیە وەكو ڕستەی هەواڵدان و پرسیار، دەتوانین لە ڕۆنانی پێكهێنەردا (Constituent Structure) چوارچێوەی ڕستە (Sentence Frames) دیاری بكەین، بە ئاماژەكردن بە بنیاتی جۆرە ڕستەیەک كە هەمیشە شوێنكەوتووە بۆ شێوەی گشتی ڕستەكە، كە ئەویش ڕستەی شەقبووە ئەم جۆرە ڕستەیە پێک دێت لە لاڕستەیەكی پێكهاتوو لە فرێزێكی كاری پەیوەستكراو بە ڕستەیەكی هەواڵدانی گشتی). Adrian, Richard A., Ann K., Robert M. 176: 2010 بۆ نموونە وەكو:

**٣٦ - ئەوە ئازادە   كە من دەمەوێت بیبینم .**

ڕستەی شەقبوو پێكدێت لە ڕستەیەكی لێكدراو كە لە ئەنجامی كۆكردنەوەی لا ڕستەیەكی سەرەكی كە هەڵگری هەواڵێكە لەگەڵ پێكهاتەیەكی دیاریكراوی تیشكۆدار كە وەكو فرێزێكی بەلوتكە كراو خۆی دەردەخات، لە ئەنجامی ئەو هێزە زۆرەی كە قسەكەر بە مەبەستی ئاراستەكردنی سەرنجی گوێگر بۆ ئەو بەشەی ڕستە دەیخاتە سەری. بەشێوەیەك كە لە ئەنجامی شەقكردن وگواستنەوەی هێزی تیشكۆ بۆ بەشی دووەمی ڕستەی شەقبوو قسەكەر ئاراستە و مەبەستی خۆی تایبەت دەكات بەو لا ڕستەیەی كە شوێنكەوتووی ڕستەیەكی سەرەكی دەبێت. لە ڕستەی شەقبوودا ئامرازی (كە) ی گەیەنەر وەكو سەرەیەكی تیشكۆدار ڕۆڵێكی گرنگ دەگێرێت لە پرۆسەی گواستنەوەی هێزی تیشكۆ بۆ سەر لاڕستەی شوێنكەوتو، زۆرجار هەبوونی (كە) وەكو ئاماژەیەكە بۆ شەقووبنی تەواو بە جۆرێك كە قسەكەر پاش دركاندنی لاڕستەی سەرەكی هەڵوەستەیەكی تەواو دەكاتوئینجا لا ڕستەی شوێنكەوتوو دەدركێنێ بەمەش گوێگر بە تەواوی هەست بە شەقبوونی ڕستەكە دەكات خۆی ئامادە دەكات بۆ وەرگرتن و تێگەیشتن لەمەبەستی سەرەكی قسەكەر.

### ١-٦ ڕستەی نیمچە شەقبوو : Pseudo – Cleft Sentence

ئەم جۆرە ڕستەیەش هاوشێوەی ڕستەی شەقبوو لە ئەنجامی جیاوازی هێزی قسەكردن لەسەر دوو بەشی سەرەكی ڕستەیەك كە بریتین لە لا ڕستەیەكی سەرەكی ولا ڕستەیەكی شوێنكەوتوو كە هەڵگری مەبەستی سەرەكی قسەكەرە، بەڵام لە ڕستەی نیمچە شەقبوودا ئامرازی (كە) ڕۆڵ ناگێڕێت ونا بێتە ئاماژەیەك بۆ هەبوونی شەقبوون، تەنها بەكارهێنانی هێزێكی جیاواز لەسەر بەشەكانی ڕستەكە ئاماژە بە بوونی نیمچە شەقبوونێك دەكات ولا ڕستە شوێنكەوتووەكە زیاتر پەیوەستە بە لاڕستەی سەرەكی هەروەها ئەو هەڵوەستەیەی كە قسەكەر لە سەرەتای لا ڕستەی شوێنكەوتووی ڕستەی شەقبوودا دەیكات لە ڕستەی نیمچە شەقبوودا هەستی پێناكرێت بەڵكو هەست بە بوونی بۆشاییەك دەكرێت لە سەرەتای بەشی دووەمی ڕستەكەدا. (Andrew Radford and et al 2009, p.282) بۆ نموونە:

**٣٧ – ئەوەی دەمانەوێ دەستمان بكەوێ لەئەنجامی هەوڵ وخەباتی بێوچان سەربەخۆیی كوردستانە.**

### ١- ٧ لاڕستەی دیارخەری : Relative Clauses

لاڕستەی دیارخەری وەكو لە ناوەكەیەوە دیارە لاڕستەیەكی شوێنكەوتووی لاڕستەی سەرەكی ڕستەیەكی تێكەڵە، و دەبێتە دیارخەری ئەو ناوەی یاخود هەموو ئەو پێكهاتانەی كە دەتوانن وەكو ناوێك ڕۆڵی سەرە بگێڕن لە لاڕستەی سەرەكیدا. كەواتە (مەبەستی سەرەكی لە دروستبوونی لاڕستەی دیارخەری ڕوونكردنەوە و زیاتر ناساندنی سەرەی ناوییەكەیە، كە قسەكەر دەیەوێ، گوێگر بە تەواوی پێیەوە ئاشنا بكات بە جۆرێك كەهێزێكی زیاتر لە هێزی دركاندنی لاڕستەی سەرەكی پێدەبەخشێت. (Maggie Tallerman 1998, p.114) ئەوەی شایەنی باسە لاڕستەی دیارخەری پێناسەی زۆری بۆ كراوە كە تا ڕادەیەك بیروڕاكان لە بارەی پێناسە و پێكهاتەی ئەمجۆرە ڕستەیەدا هاوڕان، یەكێ لە پێناسەكان دەڵێ (لاڕستەی دیارخەری ئەو لاڕستەیەیە كە تێكهەڵكێشی ڕستەی سەرەكی دەبێت و وەك دیارخەرێك سەرەی گرێی ناوی ڕستەی سەرەكی دەناسێنێت. بە پێی ئەو ئەركەی كە سەرەكە لە ڕستەكەدا دەیبینێت، وەك ئەركی بكەری وبەركاری و....هتد) (شلێر ڕسول بەرزنجی ٢٠٠٤، ل.١٣٠). ئەوەی لێرەدا تێبینی دەكرێت ئەوەیە كە هەمیشە ئەو ڕستەیەی كە لاڕستەی دیارخەری تێدایە ڕستەیەكی شەقبووە، بەڵام مەرج نیە كە هەمووڵاڕستەیەكی ڕستەی شەقبوو لاڕستەی دیارخەری بێت، وەكو لە نموونەیەی خوارەوەدا بەدەردەكەوێت: بۆ نموونە:

**٣٨ - ئەفلام كارتۆنی میكی ماوس گەورەترین بینەری بەدەست هێناوە .**

ئەم ڕستەیەی سەرەوە ڕستەیەكی هەواڵدانی ئاساییە كە قسەكەر لە دركاندنیدا تەنها هەواڵێك بە گوێگر ڕادەگەیەنێ بەڵام كاتێك كە ڕستەكە دەبێتە:

**٣٩ - ئەوە ئەفلام كارتۆنی میكی ماوسە كە گەورەترین بینەری بەدەستهێناوە.**

بەم شێوەیە ڕستەكە دەبێتە ڕستەیەكی شەقبوو كە بەهۆی بەكارهێنانی هێز و ئامرازی (كە)ی ڕستەكە شەقكراوەكە، بەشی دووەمی ڕستە شەقبووەكە لا ڕستەیەكی دیارخەرییە كە وەسفی (بكەر )ی ڕستەكە دەكات كە (ئەفلام كارتۆنی میكی ماوسە).

بەڵام كاتێك ڕستەكە دەبێتە: بۆ نموونە:

**٤٠ - ئەوەی كە گەورەترین بینەری بەدەستهێناوە ئەفلام كارتۆنی میكی ماوسە.**

ئەم شێوەیەشیان دیسان ڕستەیەكی شەقبووە بەڵام لێرەدا لاڕستە شوێنكەوتووەكە دیارخەری نییە، بەڵكو لا ڕستە سەرەكیەكە جۆرێك لە بە لوتكە كردنی فرێزی پێوە دیارە، بێگومان ئەم جۆرە گۆڕانكاریانەی كە قسەكەر بەهۆی هێز وجۆرێك لە گواستنەوەی پێكهێنەرەكانی ڕستە ئەنجامی دەدات هەمووی پەیوەستە بە مەبەستێكی دیاری كراوی قسەكەرەوە.

### ١-٨ نادیاری : Passive

ئەوەی بە شێوەیەكی ئاسایی لە زماندا ئاشكرایە ئەوەیە كە هەبوونی دوو كەرەسەی وەكو (كارا، كار) وەك پێویستیەكی سەرەكی ڕستەیەكی تەواو، بنەمایەكی ڕێزمانی گشتییە. بەڵام هەندێك جار قسەكەر لە ئاخاوتندا (بكەر) ی ڕستە دەكاتە كەسێكی نادیار ئەمەش بێگومان هۆ و ئامانجی تایبەتی لەدواوەیە، هەندێك لەم هۆكارانەش ئەمانەن:

١ـ بكەرەكە ناناسرێت یا بە ئاسانی نا وترێت.

٢ـ بكەرەكە هێندە ئاشكرایە كە پێویست بە دەربڕینی ناكات.

٣ـ بكەرەكە ناوترێت بەهۆی تایبەتی، ناسكی، ڕیایی، دەستەڵات، ....هتد.

٤ـ بەركاری ڕستەی بكەر نادیار زیاتر سەرنجی بۆ ڕابكێشرێت ومەبەستتربێت.

٥- ئەنجامی ڕووداوەکە یان بابەتەکە خۆی لە بکەرەکە گرنگتربێت. (فەرەیدون عەبدول محمد١٩٨٨،ل.٤٦)

دروستکردنی ڕستەی بکەر نادیار لە هەموو زمانەکاندا پەیوەستە بە ڕێسایەکی فەرهەنگیەوە کە تیایدا گۆڕانێکی ئەرکی و گۆڕان لە داڕشتنی ڕستەکەدا ڕوودەدات، کە بکەر لا دەدرێت وبەرکار شوێنی بکەر دەگرێتەوە، بەڵام ئایە لەم بارەدا ڕستەکە سروشتی خۆی دەگۆڕێت یاخۆد ڕۆنانی سینتاکسی خۆی لە دەست دەدات، ئەمەش گرفتێک بوو کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوەدا زۆربەی زانایانی سەرقاڵ کردبوو، بەشێوەیەکی گشتی (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ئەم چەمکەی لە ڕێی ڕێسای بەرهەمهێنانەوە دەربڕیوە کە تێیدا دەبێ شوێنی بکەری ڕستە بەهۆی کەرەسەیەکەوە پڕبکرێتەوە. ئینجا چ کەرەسەکە دەرکەوتوو بێت وەک ئەوەی کە بەهۆی ناوی کارا پڕ بکرێتەوە یاخود دەرنەکەوتوو بێت. واتە بەهۆی کەرەسەیەکی بە تاڵ گیرا بێت کە لە زۆرینەی زمانەکانی جیهاندا جێناو ئەم ئەرکە دەبینێت.) (ڤیان سلیمان حاجی ٢٠٠٩، ل.١٤٦). بەکارهێنانی بکەر نادیار پەیوەستە بەهەل ومەرجی تایبەتی و ئەم بەکارهێنانەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، ئەمەش لەوانەیە لەبەر تایبەتیەتی سروشتی هەر زمانێکە. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا کە زمانێکە سروشتێکی گەردانی هەیە، تەنانەت زۆر لە زانایان باوەڕیان وایە کە زمانی عەرەبی بکەر نادیاری ڕاستەقینەی تێدانیە، بەڵام وەکو بەرچاودەکەوێ ( لە داڕشتنی بڕیارە فەرمیەکاندا ئەم دیاردەیە بەکاردەهێنن، دکتۆر مازن الوعر وای دەبینێ بکەر نادیار لەسیما تایبەتیەکانی وتاری نوسراو و لێکدانەوەی وتارە سیاسیەکانە.) (د. محمود عکاشە ٢٠٠٥، ل.١٤٦). بەڵام ئەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەدا بەرجەستە دەبێ ئەوەیە کە بەکارهێنانی دیاردەی بکەر نادیار وردە وردە لە وتاری نووسراوەوە خزاوەتە ناو وتار وگفت وگۆی ڕووبەڕوو. ئەمەش بێگومان پەیوەستە بە فراوانبوونی ڕادەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی مێشکی مرۆڤەکان بۆ لێدوان وئاخاوتنی بەرامبەر.

لە زمانی کوردیدا بکەر نادیار (سروشتێکی فەرهەنگی هەیە وگۆڕانەکە مۆرفۆلۆجیە، دروستبوونی نادیار دەدرێتە پاڵ هێز ودەسەڵاتی مۆرفیمی (ا) لە دوای لادانی بکەری ڕستەکەو ئەو ڕاناوە لکاوانەی پەیوەندیداری بکەرن. بەم شێوەیەی خوارەوە (دیار علی کمال کریم ٢٠٠٢، ل.٧٧).

١- کاری ڕابردوو

ڕەگی کار+ مۆرفیمی کاتی ڕابردوو + ا + ڕاناو

بۆ نموونە: ئەگەر ڕستەیەکی بکەر دیاری وەکو:

**٤١- من گوڵەکانم ئاودا .**

بگۆڕین بۆ ڕستەیەکی بکەر نادیار، بەم شێوەیە دەبێت:

بکەری ڕستەکە (من) لادەدرێت، بەرکاری ڕستەکە ( گوڵەکان ) دەهێنرێتە شوێنی بکەر، کاری ڕستەکە ( ئاودا ) بەم شێوەیەی لێدێت:

- ئاود+ ڕ+ ا+ ن

کەواتا ڕستەکە دەبێتە :

**٤٢ - گوڵەکان ئاودران**

٢- کاری ڕانەبردوو:

ڕەگی کار+ مۆڕفیمی کاتی ڕانەبردوو + ر + ێ + ڕاناو

**٤٣ - من گوڵەکان ئاو دەدەم.**

**دەبێتە:**

**٤٤ - گوڵەکان ئاو دەدرێن.**

بەڵام تێبینی ئەوەش بکەین کە لە ( گۆڕینی ڕستەی بکەر دیار بۆ ڕستەی بکەر نادیار دەبێت کارەکە تێپەڕبێت، بەڵام ئەگەر کارەکە تێنەپەڕبوو، ئەوا دەبێت بکرێتە تێپەڕ ئینجا ڕستەی بکەر نادیاری لێ ساز دەکرێت، واتە کاری تێنەپەڕ ڕستەی بکەر نادیاری لێ دروست نابێت). (نەوزاد ئەنوەر عومەر ٢٠٠٨، ل.٨٧) . ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە دیاردەی بکەر نادیاری وا لە گوێگر دەکات کە ڕستەی بکەر نادیار ببەستێتەوە بە دەور وبەر و ئەو سیاقەی کە ڕستەکەی لێوە هاتووە بۆ لێکدانەوەی ئەو مەبەستەی کە وای لە قسەکەر کردووە کە بکەر بشارێتەوە بەمەش ڕستەکە لەوە دەردەچێت کە تەنها فۆرمێکی ڕێزمانی بێت بەڵکو دەچێتە بواری لێکدانەوەی واتای پراگماتیکی. هەر بۆیەش دەتوانین نادیاری بە جیاکەرەوەیەکی بنجی نێوان سینتاکس وپراگماتیک دابنێنین.

**١-٩ كۆنتراست : Contrast**

زانیارییەک کاتێک کۆنتراست دەبێت کە بەرهەڵستی یان دژایەتی زانیارییەکی تر، یان بوونێکی تر بکات. یان لە کۆمەڵە قەوارەیەکی گەورەتر وەرگیرابێت. فرێزێکی ناوی لەوانەیە لە رووی زمانەوانییەوە، کۆنتراست بێت ئەگەر بە وشەی (تەنها ) نیشانە کرابێت و بەشێوەیەکی تایبەتیش لەگەڵ هێزێکدا دەرببڕدرێت. لە رستەی (٤٥) دا ( ئازاد) کۆنتراستە بەرامبەر بە (زۆربەی هاوڕێکانی زانکۆم). بڕوانە:

**٤٥ - زۆربەی هاوڕێکانی زانکۆم ڕۆیشتن، تەنها ئازاد نەبێت کە تا ئێستاش لێرەدا دەژیێت.**

سەیرکە کە ( ئازاد ) کۆنتراست نابێت ئەگەر دەقەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

**٤٦ - زۆربەی هاوڕێکانی زانکۆم ڕۆیشتن، هەتا ئازادیش ئێستا ئێرەی جێهێشتووە.**

لەفەرهەنگي زمانەوانیدا بەم شێوەیە پێناسەي کۆنتراست کراوە کە ( بریتییە لەدروست کردن پەیوەندی لەنێوان دوو دەنگ یان دوو دەستەواژەی جیاواز کە هەڵگر دوومانای پێچەوانەن و بەشداری لە ڕۆنانی زانیاریەکەدا دەکەن. ئەمەش بەزۆری بۆ پێشاندان بەرهەڵستیەک لە نێوان هەردوو دەستەواژەکەدا). (P.H.Matthews 2011, p.79) بۆ نموونە:

**٤٧ - شلێر حەزی لەهەموو وانەکانیەتی تەنها وانەی جوگرافیا نەبێت.**

زانیاری کۆنتراست هەندێ ویکچوونی زانیاری نوێ لەخۆدەگرێت، بەهەرحاڵ زانیاری نوێش بوونێک لە کۆمەڵەبوونێکی بەردەستدا هەڵدەبژێرێت کەچی زانیاری کۆنتراست بوونێک هەڵدەبژێرێت کە دژایەتی یان بەرهەڵستی بوونێکی تر دەکات. پێشتر ئاماژەمان بەو ڕاستیەدا کە هەبوونی وشەی ( تەنها) لەگەڵ هێزێکی دیاریکراودا یەکێکە لەنیشانەکانی هەبوونی دیاردەی ( کۆنتراست) لەهەمان ڕستەدا. بەڵام لەبەکارهێنانی زماندا هەندێک حاڵەتی واش دێتە بەرچاو کە بەبێ هەبوونی وشەی (تەنها) کۆنتراست دروست دەبێت،ئەویش لەڕێگەی ( بەکارهێنانی دوو دۆخی سایکۆلۆجي جیاواز کەقسەکەر لەهەمان گوتندا ئاماژەیان پێ دەکات. ئەمەش ڕەنگە بەهۆی مەبەستێکی قسەکەرەوە بێت،کەبیەوێت بەهۆي پیشاندانی بەرهەڵستیەک بۆ شتێکی دیاریکراو سەرنجی گوێگر بۆ ئەو شتە کە ئەو حەزی لێیەتی و مەبەستیەتی.(Andrew Radford 2012, p.380) بۆ نموونە:

**٤٨ - من حەزم لەبواري فۆتۆ لۆجی نیە بەڵام زۆر چێژ لە سینتاکس وەردەگرم.**

**٤٩ - ناسکە حەزی لە نوسینی شعر نیە کەچی زۆر چێژ لە خوێندنەوەی شیعر وەردەگرێت.**

فرێزێکی ناوی لە فرێزێکی ناوی تردا، کۆنتراست دەبێت ئەگەر بکەوێتە دوای (زیاتر لە) بۆ نموونە:

**٥٠ - ئازاد زیاتر لە نەوزاد لێرەدا مایەوە.**

**١-١٠ ناسیاری و نەناسیاری:**

زانیاریەک ناسراو دەبێت ئەگەر سەرچاوەی فرێزە ناوییەکە ئاشنا بێت بۆ گوێگر. کاتێکیش نەناسراو دەبێت ئەگەر سەرچاوەی فرێزە ناوییەکەی نوێبێت. یان گوێگر پێی ئاشنا نەبێت، ناوە تایبەتیەکان و ئەو ناوانەی کە دەکەونە پێش ئامرازێکی ناسراویی یان ئەو ناوانەی کە دەکەونە دوای ئاوەڵناوی نیشانەوە، هەمیشە ناسراون، واتە قسەکەر وا مەزەندە دەکات، کە گوێگر دەتوانێ سەرچاوەکە بناسێتەوە. ئەو ناوانەش کە دەکەونە پێش ئامرازێکی نەناسراویی، یان وشەی (هەر) ، هەمیشە نەناسراون، واتە قسەکەر وا مەزەندە دەکات کە گوێگر ناتوانێ سەرچاوەکە بناسێتەوە، یەکگرتنی بیرۆکەی ناسراوی و بیرۆکەی گریمانەکراوی، چوار ئەگەرمان دەداتێ:

- **نەناسراو و نوێ**

**٥١ - پیاوێک کە من دەیناسم لە باخەکەدا دانیشتبوو .**

- **نەناسراو + کۆن**

**٥٢- ئەوان سەردانی چوار وڵاتیان کرد، گەشتێک کە هەرگیز بیریان ناچێتەوە.**

- **ناسراو + دراو (کۆن):**

**٥٣- ئەوان چوونە لای وێنەگرێک لە ئێران.**

- **ناسراو + نوێ**

**٥٤- ڕێنیشاندەرەکە لە گەشتەکەیاندا زۆر زیرەک بوو.**

دەبێ تێبینی ئەوەش بکەین، کە ئاساییە زانیارییەکی نوێ ببێتە نەناسراو و زانیاریەکی کۆن (دراو) یش ببێتە ناسراو وەک لە (٣-٦) داهاتووە. زانیاری کۆن لەوانەیە نەناسراو بێت ئەگەر ئەو زانیارییە زۆر پێویست نەبێت بۆ گوێگر کە سەرچاوەکە بناسێتەوە، (ڕستەی ٢) یان زانیاری نوێ لەوانەیە ناسراو بێت،تەنها بتوانی یەک ئەگەری ناسینەوەی سەرچاوەکە هەبێت (ڕستەی).

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیەکە نیشانەی ناسیاری (ەکە) لە زۆربەی بەکارهێنانەکانیدا بە ناوی ( گشتی) یەوە دەلکێت. چونکە (ناوی تایبەتیی خۆی لە خۆیدا هەڵگری نیشانەی ناسراوی یە. بۆیە کەم بەها و زیادەیە ئەگەر جارێکی تر بە / ـ ەکە / بکرێتەوە ناسراو) (عەبدولجەبار مستەفا عومەر ٢٠١٠، ل.١٧٠). بەڵام لە هەندێک حاڵەتی وەکو ئەم ئاخاوتنەی خوارەوەدا دبینین ناوی تایبەتیش نیشانەی (ەکەی) ناسراوی وەرگرتووە، بۆ نموونە:

هێمن بە نەبەز دەڵێت:

**٥٥ - ئازاد ناوێک هاتبوو هەواڵی تۆی دەپرسی، تۆ لێرە نەبوویت.**

**٥٦ -نەبەز: ئا: ئەو (ئازاد)ە زۆر برادەرمە.**

جارێکی تر نەبەز دەڕواتە دەرێ و ئازاد دێتەوە.

**٥٧ - هێمن: ئازادەکە هاتەوە بۆلات، بەڵام ئەم جارەش لێرە نەبوویت.**

کەواتە کاتێک ناوی تایبەتی ناسراوی وەردەگیرێت کە بۆلایەنی یەکەم نە ناسراو بێت).

**١- ١١ دیاریکراو ودیارینەکراو وگشتی:**

زانیارییەک دیایکراو دەبێت ئەگەر ئاماژە بۆ بونێکی تایبەتی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بکات، لە کاتێکیشدا دیارینەکراو دەبێت ئەگەر ئاماژە بۆ شتێک یان بوونێکی دیارینەکراو بکات لە جیهانی ڕاستەقینەدا. جێناو وناوی تایبەتی هەمیشە دیاریکراون، هەرچەندە هەندآ لە جێناوە گشتییەکانی وەک ( تۆ، ئێوە، یەکێک، ئەوان )دیاری نەکراون چونکە ئاماژە بۆ هیچ کەسێک ناکەن.وەک:

**٥٨ - تۆ ناتوانی هەمووکاتێک تێل بکەیت.**

**٥٩ - تۆ هەمیشە ناتوانی ئیش بۆ خەڵک بکەیت.**

**٦٠ - یەکێک پێویستە ئاگاداری هەموو هەڵبژاردنەکان بێت.**

**٦١ - ئەوان هەرگیز هیچ شتێک بە تۆ ناڵێن.**

تێستێک بۆ دیاریکراویی، ئەوەیە، ئایا ناوێک دەتوانێت بچێتە ئەو کەلێنەوە:

There is a certain………-----------:

یەکگرتنی دیاریکراویی لەگەڵ ناسیارێتیی ئەم ئەگەرانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە:

**-دیاریکراو + ناسراو**

**٦٢- بەیانی دەچم <u>ماشێنەکەم</u> پۆلیش دەکەم.**

**- دیارینەکراو + نەناسراو**

**٦٣- خەون بە کڕینی <u>ماشێنێکی تایبەتییەوە</u> دەبینم.**

**- دیاریکراو + نەناسراو**

**٦٤ - ئەو ماشێنەم کڕی کە دوێنێ لایکم کردبوو.**

**- دیارینەکراو + ناسراو**

**٦٥ - دەچم ئەو ماشێنە دەکڕم کە لە هێڵی پێشەوە وەستاوە.**

لەڕستەی یەکەمدا، ئەو دەربڕینەی کە هێڵی بە ژێردا هاتووە، ئاماژە بۆ ماشێنێکی دیاریکراو لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەکات، کە گوێگر دەتوانێ بیناسێتەوە، لە دووەمدا ئاماژە بۆ ماشێنێکی دیاریکراو ناکات بۆیەگوێگر ناتوانێت بیناسێتەوە، لە سێیەمیشدا ئاماژە بۆ ماشێنێکی دیاریکراو دەکات، بەڵام گوێگر ناتوانێ بیناسێتەوە یان جیای بکاتەوە. بڕوانە کە زۆر نا وێزەتر دەبوو ئەگەر ئاماژەی بۆ بوونێکی دیاریکراو نەکردبایە وگوێگریش بیتوانیبایە بیناسێتەوە، هەرچەندە دەشتوانرێت بەم شێوەیە بێت وەک لە چوارەمدا نیشاندراوە. گشتی ئاماژە بۆ کۆمەڵێک دەکات، کەچی دیاریکراو ئاماژە بۆ هەندێ ئەندامی دیاریکراوی ئەو کۆمەڵەیە دەکات. ناوی گشتی ئاماژە بۆ پۆلێک یان کاتیگۆرییەکی بوونێک دەکات، کە دەتوانن ناسراو بن یان نە ناسراو.

**- گشتی + نەناسراو**

**٦٦- <u>خانووەکان</u> تایبەتن.**

**٦٧- <u>خانووێک</u> تایبەتە.**

**- گشتی + ناسراو**

**٦٨- <u>خانووەکە</u> گەورەترین پرۆژەیە کە من لە ژیانمدا ئەنجامم دابێت.**

**بەراوردی سەرچاوەیەکی دیاریکراوی وەک:**

کچەکە جوانە ( ئەو کچەی کە من سەیریم کرد ) لەگەڵ سەرچاوە گشتیەکەي ( کە پێی دەوترێت ناوی کۆی ڕووت ). بۆ نموونە:

**٦٩- کچان دەچنە مێرگوڵان.**

**٢ – تیۆری کردە قسەییەکان**

ئەم تیۆرە لە بیرێکی فەیلەسوفی زانکۆی ئۆکسفۆرد (J.L. Austin)ەوە سەری هەڵدا ئەویش کاتێک لە ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی بچووکی بە ناوی (How to do things with words) واتە (چۆن شتەکان بە وشە ئەنجام دەدرێن) لە لایەن قوتابیەکانی دوای مردنی بڵاوکرایەوە. ئۆستن لە کتێبەکەیدا وەکو ڕەخنەگرێکی بەهێزی سەردەمی خۆی دوو بیر و باوەڕی بە تەسک هەژمار کرد، کە لەو کاتەدا دوو بنەمای سەرەکی بوون بۆ لێکدانەوەی زمان و واتا، ئۆستن پێی وابوو کە مەرج نییە هەموو گوتنێک تەنها وەسفکردنی بارێکی تایبەت بێت و مەبەست لێیەوە تەنها هەواڵێک بێت بەڵکو قسەکەر لە دەربڕینی هەندێک گوتندا کارێک ئەنجام دەدات. هەروەها ئۆستن ئەوەی ڕەتکردەوە کە هەموو ڕستەیەک دەبێ هەڵگری ڕاستی و ناڕاستی بێت. بەڵکو هەندێک ڕستە واتاکانیان تەنها پەیوەستە بە ئەنجامدانی کارێک و هەڵگری هیچ بنەمایەکی ڕاستی وناڕاستی نین. (بە بیری ئۆستن زمان ئامێری کردە جیاوازەکانە و ئەرکی سەرەکی ڕاپەڕاندنی کارە. وەک: ڕاسپاردن، هەواڵ، هەڕەشەکردن، زانیاری گەیاندن، پرسیارکردن، فەرماندان، بەڵێندان، .... وچەندین ئەرک و مەبەستی تر کە بەکردە قسەییەکان ناویان دەبات). (عبدالواحید مشیر دزەیی ٢٠١٠، ل.٨٠) ئۆستن لە شیکردنەوەکانیدا ئاماژەی بۆ (کردەی ڕوون ( **(الأدائية الواضحة)**) و کردەی ناڕوون) کردووە. بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتەش نموونەی جۆرا وجۆری خستۆتە ڕوو. وەکو:

**٧٠ - پەیماندەدەم کە پێنج پاوەندت بدەمێ.**

لێرەدا ئۆستن ئەم گوتنە بە کردەیەکی ڕوون لە قەڵەم دەدات، ڕوونیەکەش لە کردەی (پەیماندان)ەکەوە دیارە کە قسەکەر بۆ دڵنیابوونی گوێگر لە ئەنجامدانی کارەکەی بە کاریهێناوە. بەڵام ئەگەر گوتنەکە بەم شێوەیە دەرببڕرێت:

**٧١ - پێنج پاوەندت دەدەمێ.**

ئەوا بەکردەیەکی ئاڵۆز و نا ڕوون هەژمار دەکرێت چونکە لە گوتنەکەدا هیچ ئاماژە پێکردنێکی ڕوون نییە کە ئەو ڕاستیە بسەلمێنێت، ئایا ئەم گوتنە پەیمانێکە یاخود پێشبینی کردنە یان تەنها ڕوون کردنەوەیە. (عباس **صادق** الوهاب ١٩٨٧، ل.١٩٣). لە کۆتاییدا ئۆستن لە شیکردنەوەی ئەم جۆرە نموونانەی سەرەوەدا دەڵێ لە هەر گوتنێکی ئاسایی ئەگەر کردەیەکی ڕوون هەبێت یان نەبێت، ئەوا هەموو گوتنێک بوارێکی گوتراو (Saying Element) و بوارێکی کردن (Doing Element) ی تێدایە . ئەم تیۆرە وا دەڕوانێتە کردەی گفت وگۆ، کە قسەکردنێکە، بە هەڵوێستێکەوە پەیوەستە و گوزارشت لە مەبەستێکی قسەکەر دەکات، بۆ نموونە: داواکردن گوزارشت لە ئارەزوویەک دەکات، ستایش کردن، گوزارشت لە ڕەزامەندی دەکات، پۆزش هێنانەوە، گوزارشت لە پەشیمان بوونەوە دەکات. سەرکەوتنی وتوێژیش بە پێی ئەم تیۆرە بەدۆزینەوەی ئەو هەڵوێستەی کە گوزارشکراوە لە ڕێگەی قسەکەرەوە لەلایەن گوێگرەکەوە دەپێورێت. (محەمەد یونس عەلی ٢٠١٠، ل.٣٩). بە واتایەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین کە پێوەری سەرکەوتنی هەر ئاخاوتن وتوێژێک، بەندە بە ڕاددەی توانای گوێگر بۆ دۆزینەوەی ئەو مەبەستەی کە قسەکەر لە ئاخاوتنەکەدا گوزارشتی بۆ کردووە. بەڵام مەرج نییە قسەکەر هەموو کاتێک مەبەست و واتای قسەکردنەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا بە دەستەوە بدات بەڵکو لە پاڵ واتای ئاشکرا کە لەئەنجامی واتای وشەکان و بۆتەی ڕێزمانی هەر ڕستەیەک ڕوون دەبێتەوە، واتایەکی شاراوەش هەیە کە پەیوەستە بە بارودۆخی قسەکەر و گوێگر و ئەو چوار چێوەیەی کە گوتنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت. هەر بۆیەش (تیۆری کردە قسەییەکان گرنگی بەو واتا شاراوەیە دەدات کە ڕاپەڕاندنەکەیە و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکات، هەمان گوتن ئەگەر لە بارودۆخێکی جیاوازدا بگوترێ لەوانەیە واتایەکی تری هەبێت، واتە بە مەبەستێکی تر بەکاردێت. (قیس کاکل تۆفیق ١٩٩٥، ل.٤٠). بۆ نموونە: لە ڕستەیەکی پرسیاری وەکو: (ئەرێ دارا لە کوێ خەوتووە؟) ئەگەر ئەم پرسیارە نەبەستینەوە بە هیچ بارودۆخ و

دەوروبەرێکەوە ئەوا ئەرکی پرسیارەکە تەنها وەرگرتنی زانیاریە، بەڵام ئەگەر ئەم پرسیارە لە نێوان دوو کەسی پلانگێڕدا بێت یاخود لەلایەن کەسێکەوە بێت کە لەوانەیە دوژمنی دارا بێت، ئەوا بێگومان مەبەست لە پرسیارکردنەکە دۆزینەوە و دیاریکردنی شوێنی دارایە بۆ ئەوەی بیکوژێت، یان ئەگەر پرسیارەکە لە خوشکێکی داراوە بێت و مەبەستی ئەوە بێت ئەگەر دارا لە شوێنێک نووستبێ ئەو نەچێتە هەمان شوێن، چونکە لەوانەیە دارا نا ڕەحەت بێت لە کاتی نوستن و زۆر جوڵەجوڵ بکات وپرخەی زۆر بێت. ئەمانە و زۆر واتای شاراوەی تر کە لەوانەیە لەم پرسیارە دەستەبەر بکرێت بە مەرجێک کەسەکان و دەوروبەر و بارودۆخی جیاواز لە بەرچاو بگیرێت. لە کۆتاییدا گرنگە ئەوە بزانین کە وا (ئۆستن خۆی هیچ تیۆرێکی تەواو پێشکەوتووی لە بارەی کردە قسەییەکانەوە پێشکەش نەکردبوو. یاخود دەتوانین بڵێین ئەو بیرۆکەیەی کە لەلای ئۆستن دروست بوو هەتا وەکو خۆی لە ژیاندا بوو وەکو تیۆر رێچکەی نەگرتبوو. نزیکترین شت کە ئەو ئەنجامیدابوو لە وانەکانی "Lectures" ی ویلیام جیمس دا هەبوو. ئەم وانانە لە ساڵی ١٩٥٥ دا گەیشتنە زانکۆی ( هارفەرد ) و بڵاوکرانەوە. ئۆستن لە ساڵی ١٩٤٠ ەوە لە ڕێگەی وانە گوتنەوەی لە زانکۆی " ئۆکسفۆرد "بۆ ماوەی چەند ساڵێک خەریکی تاوتوێکردنی هەمان بابەت بوو. بەڵام هیچ بابەتێکی وەکو تیۆر نەخستە ڕوو، هەر بۆیەش لەلایەن ئەوەوە هیچ پێناسەکردنێکی شیاو بۆ کردەی قسەیی بەدیناکرێت. (Jhon Lyons 1996, p.236) تیۆرەکەی ئۆستن نەک هەر تەنها سەرنجی فەیلەسوفەکانی ڕاکێشا بەڵکو شۆڕشێکی گەورەی لە زمانەوانیدا بەرپاکردو و کۆمەڵێکی زۆری لە زمانەوانان لە دوای خۆی بە تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی گرنگ سەرقاڵ کرد؛ کە ئەویش کردەی قسەیی بوو، کە لێکدانەوەی واتای پەیوەست کرد بە ئەرک و مەبەست و ئەو بارودۆخەی کە هەر گوتنێکی تێدا ئەنجامدەدرێت. چونکە (تیۆری کردە قسەییەکان لە ئەرک و بارودۆخی ڕستە دەکۆڵێتەوە. کە بۆ چ مەبەستێک بەکاردێت، واتا لەو ڕستەیە دەکۆڵێتەوە کە لە کارکردن دایە و وەکو تەنێکی زیندوو سەیری دەکات، کە کردەوە ڕادەپەڕێنێت وجێبەجێیدەکات **(طالب حسين علي ٢٠١١، ل٥٠)** ئەگەر وەکو زاراوەیەکی زمانەوانی سەیری کردە قسەییەکان بکەین دەتوانین بڵێین کردە قسەییەکان زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی کردەوەکانی گوتن. بۆ نموونە وەکو (داواکردن، فەرماندان، پرسیارکردن، ئاگادارکردنەوە. بۆ نموونە ئەگەر ڕستەیەکی وەکو:

**٧٢ - چەقۆکەی دەستت زۆر تیژە.**

وەربگرین، ئەوا تەنها مەبەست لێی گەیاندنی هەواڵێک نیە بەڵکو (ئاگادارکردنەوەیەکە)، لەوەی کە تۆ وریا بی و ئاگات لە دەستت بێت نەوەک چەقۆکە دەستت ببڕێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر لە ڕوانگەی کردە قسەییەکانەوە بە وردی لە هەر گوتنێک بڕوانین و بەقوڵی سەرنجی گوتنێک بدەین کە قسەکەرێک ئەنجامی دەدات ئەوا دەبینین زۆر جار گوتنەکە زیاتر لە ئەرکێک یاخود زیاتر لە کردەیەک جێبەجێدەکات. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو:

**٧٣ - کاتژمێر دوانزەی شەوە.**

دەتوانین چەند ئەرکێک بۆ ئەم ڕستەیە دەستنیشانبکەین، بێگومان بە پشت بەستن بە دەوروبەر و بارودۆخ و قسەکەری جیاواز، بە جۆرێک لەوانەیە ئەم دەستەواژەیە لە ئەنجامی پرسیاری کەسێک دەربارەی کاتەوە بوو بێتە وەڵامێک بۆ پرسیاری (ئەرێ کاتژمێر چەندە؟) واتا لێرەدا گوتنەکە ئەرکی گەیاندنی زانیاری جێبەجێدەکات. خۆ ئەگەر ئەم گوتنە لەلایەن باوکێکەوە ئاراستەی کچەکەی بکرێت، ئەوە مانای ئەوەیە کە بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ئەمر بە کچەکەی دەکات، کە بچێ بخەوێ. چونکە درەنگە. لەوانەشە ژنێک ئەمە بە مێردەکەی بڵێ وەکو پرس پێکردنێک و مەبەستی ئەوەبێ، ئەرێ بخەوین. چونکە سعات دوانزەیە. لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەم دەستەواژەیە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە قسە یان بە نامە لەلایەن ژنێکەوە ئاراستەی مێردەکەی بکرێت کە تا درەنگی شەو لە دەرەوە بووە ئەوا ئەرکی گلەیی جێبەجێدەکات. واتە ژنەکە زۆر چاوەڕوانی مێردەکەی بووە و گلەیی ئەوەی لێدەکات کە تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە. ئەگەر ئەم گوتنە لە پیاوێکەوە ئاراستەی ژنەکەی بکرێت کە لە مێوانداریەک بن، ئەوا وەکو ئاگادارکردنەوەیەک بۆژنەکە هەژمار دەکرێت چونکە لەوانەیە ژنەکە لەبەر قسەکردنی زۆر ئاگای لە کات نەما بێت ومێردەکەی بەم دەستەواژەیە ئاگاداری دەکاتەوە کەوا قسە کردن بەسە و کاتی ڕۆیشتنە.(بەمجۆرە دەبینین کە مەبەست لە بەکارهێنانی هەر گوتنێک بە بارودۆخ و قسەکەر و گوێگر و چوارچێوەی گوتنەکەوە دەبەسترێت، نەک تەنیا بە واتای وشەکان خۆیان و ئەو بۆتە ڕێزمانیەی کە کەرەستەکانی گرتۆتە خۆی. کەواتە هەر یەک گوتن لەوانەیە بە مەبەستی ڕاسپاردن، ڕاگەیاندن، هەڕەشەکردن، زانیاریدان ، پرسیارکردن، فەرماندان، دڵنیاکردن، بەڵێندان، و دەیان مەبەستی تر بەکاربێت، هەر ئەم مەبەستانەشن کە ئۆستن بە کردە قسەییەکان ناویان دەبات.( قیس کاکل توفیق ١٩٩٥، ل٤٠) وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکرد ئۆستن هیچ پێناسەیەکی پوختی بۆ کردەی قسەیی نەخستۆتە ڕوو. بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی ڕۆژانە لەگەڵ قوتابیەکانی بابەتەکەی تاوتۆ دەکرد و چەندین نموونەی جۆراو جۆری شیدەکردەوە. بەڵام زمانەوانان لەدوای ئەوەوە چەندین پێناسەیان بۆ بابەتەکە خستۆتە ڕوو. ئەویش لە

ئەنجامی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو بیروباوەڕانەی کە ئۆستن باوەڕی پێی هەبوو، یەکێک لە پێناسەکان دەڵێ: کردەی قسەیی ( کار ئەنجامدانێکە بۆ نموونە وەکو "پەیماندان" کە لەلایەن قسەکەرێکەوە ئەنجام دراوە، لە ڕێگەی گوتنێکەوە، جا چ بەشێوەی قسەکردنێکی ڕاستەوخۆ "Direct speech act" یاخود کردە قسەیەکی نا ڕاستەوخۆ In direct speech act George (Yulr 2010, p.295) لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین: (لە بەکارهێنانی زماندا دەتوانین باس لە ئەرکی گوتنەکان – Utterance (Function) و کردەکانی قسەکردن بکەین کە لە هەریەکێکیاندا دەتوانین جیاوازی بکەین لە نێوان فۆڕمی دەربڕین (Locution) و مەبەست لە دەربڕین (Illocution) بە واتای گەیاندنی مەبەست (Communicative intent). کردەی قسەیی ڕاستەوخۆش لەو گوتنانە پێکدێت کە کرداری جێبەجێکار یان بەکارهێنان، (Per formative verb) *یان تێدایە . کاتێک سروشت وستراتیجیەتی کردەی قسەیی پێویستی بەوە هەبوو کە لە دەوروبەرەوە هەڵبهێنجرێ.* ئەم گوتنەش پێی دەگوترێت کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان. کە پشت بە بارو دۆخ و فۆڕمی گوتنەکە دەبەستێت. (Anne E Baker and kees Hengeveld 2012, p.117)

### ٢-١ پۆلکردن (جۆرەکان)ی کردە قسەییەکان : The Tipes of Speech acts

**دوا بەدوای ئەو دەسکەوتە بنەڕەتیەی کە ئۆستن کاری بۆ کردبوو و دوای چەسپاندنی تیۆری کردە قسەییەکان، زانایانی وەکو** سیرێل کە قوتابی ئۆستن بوو هەوڵیاندا کە بۆچوونەکانی ڕێکبخەن و بەسیستەمی بکەن، یەکێ لەو کارە گرنگانەی کە تیشکیان خستە سەر بریتی بوو لە پۆلکردنی جۆرەکانی کردەی قسەیی لە زماندا، سیرێل هەرچەندە باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو کە لە تایبەتمەندیەکانی زماندا (Language- Particular) ژمارەیەکی بێکۆتا کردەی قسەیی هەن، پێشنیازی ئەوەی کردووە کە هەموو کردەکان پێنج جۆری سەرەکی لە خۆ دەگرن. بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ کراوە:

#### ١- وەسفکار یاخود وتەبێژ بە ناوی: Representatives

ئەم کردە یە قسەکەر پەیوەست دەکات بە ڕاستی پڕۆپۆزشنی شی کراوە ، بۆ نموونە وەکو (دووپاتکردنەوە" Asserting) "گەیشتنە ئەنجام (Concluding)

#### ٢- فەرماندان و ئاراستەکردن : Directive

هەوڵدانێکە لەلایەن قسەکەرەوە بۆ ئەوەی نامەیەکی دەست بکەوێ بۆ ئەوەی شتێک بە ئەنجام بگەیەنێ بۆ نمونە وەکو: (داواکردن، پرسیارکردن)

#### ٣- ئەنجامدەر: Commissive

ئەم کردارەش وا لە قسەکەر دەکات کە پەیوەست بێت بە ئەنجامدانی چەند کردەوەیەک لە داهاتوودا، وەکو ( پەیماندان، هەڕەشەکردن "Threatening"، پێشکەشکردن "Offering"

#### ٤- دەربڕ (معبر): Expressive

کە بریتی یە لە دەربڕینی بارێکی سایکۆلۆجی، وەکو (سوپاسکردن، داوای لێبوردن کردن، بەخێرهێنان، پێشوازی لێ کردن، پیرۆزبایی لێ کردن.)

#### ٥- پێڕاگەیاندن : Declaration

ئەمەش کاریگەرە بە گۆڕانکای لەناکاو لە پەیوەندی بارودۆخی دامەزراوەیەک، کە چاودێریەکی وردی پشت بەستن بە زیادەی زمانەوانی (Extra –Linguistic) لە دامەزراوەکەدا دەکات، بۆ نموونە (حەرامکردن " Excommunicating")، ئیعلانکردنی جەنگ (Declaring war)، ژنهێنان ومێردکردن، فەسلکردن (Firing From employment) لە کارلادان (John I. Saeed 2009, p.239).

### ٢-٢ مەرجە گونجاوەکانی سەر کردە قسەییەکان

لە کاتی لێکدانەوەی هەر گوتنێک یا هەر دەربڕینێک دا کە بە مەبەستێکی دیاریکراو گۆ کرابن ئەوا گرنگە کە مەرجی شیاو (Felicity conditions) کە بەشداریانکردووە لە پێکهێنانی گوتنەکەدا لەبەرچاو بگیرێن و بەهەند هەڵبگیرێن. دەوروبەری گوتن یەکێکە لە مەرجە هەرە گرنگەکان بۆ لێکدانەوەی گوتنەکە، هەروەها ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کە لە نێوان قسەکەر و پەیامەکەیدا هەیە لەگەڵ ئەو بارەی کە گوتنەکەی تێدا بەرهەم هاتووە. ئەمانەش هەموویان مەرجێکن بۆ چۆنیەتی لێکدانەوەی مانای هەرگوتنێک، بێگومان بە لە بەر چاو گرتنی فۆڕمی گوتنەکە.

بۆ نموونە پرسیارێکی وەکو:

**٧٤ - دەتوانی هیچ کام لەم پەنجەرانە بکەیتەوە؟**

لە بارودۆخێکی وا دا دروست دەبێت کە قسەکەر بە مەبەستی گەشتکردن چوبێتە ناو باڵەخانەیەکی سەرووی ١٠ نهۆمی. کە لەوانەیە لەبەر سەلامەتی ڕێگە نەدرێت هەموو پەنجەرەکان وەکو هەر بارێکی تری ئاسایی بکرێنەوە، یاخود ڕێگایەکی تایبەت و جیاواز لەو شێوەیەی کە پێشتر لەلای قسەکەر باو بووە هەبێت بۆ کردنەوەی یەکێک لەو پەنجەرانە. بێگومان لەو حاڵەتەشدا دەبێ گوێگر کەسێکی ناو باڵەخانەکە بێت، یاخود خاوەنی بێت.

پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد کە کردەکان چەند جۆرێکن کە هەر جۆرێکیان پەیوەستە بە مەرجی شیاوی تایبەت بە خۆی. لە خوارەوە ئاماژە بە مەرجی شیاوی سەر هەندێک کردەی قسەیی دەکەین. چونکە بێگومان کردەکان جۆری زۆریان هەیە و ناتوانرێت وا بە کورتی هەموویان بخرێنە ڕوو. سەرەڕای ئەوەی کە مەرجەکانی سەر هەرکردەیەکیش وردەکاری زۆریان تێدایە ولەگەڵ گۆڕانی بارودۆخدا دەگۆڕێت:

**١. مەرجەکانی کردەی پەیماندان**

بە بڕوای سیرڵ لە پەیماندانا دەبێ قسەکەرێک و بە لایەنی کەمەوە گوێگرێک هەبن. هەروەها دەبێ کردەوەیەکی داهاتوو هەبێت کە پەیوەست بێت بەپەیمانەکەوە. لە کردە قسەییەکەدا پرۆپۆزیشنێکی دەربڕاو هەبێت (Proposition expressed). هەروەها دەبێ تێگەیشتنی زمانی لە ئارادا بێت. لە جێبەجێکردن و گەیشتنە ئەنجامی کردەی پەیماندان دا دەبێ: (گوێگر باوەڕی بە قسەکەر هەبێت کە لە داهاتوودا کردەوەکە بە ئەنجامدەگەیەنێ، قسەکەریش باوەڕی بەوە هەبێت کە گوێگر باوەڕی پێدەکات ومەرجی دروستی پرۆپۆزیشن لەبەرچاو بگرێت، لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە دەبێ تێگەیشتنی زمانی لە نێوان قسەکەر وگوێگردا هەبێت واتە بە تەواوی لەیەکتر تێبگەن. ( John I. Saeed 2010, P.240) بێگومان لە کردەی پەیمان داندا دەبێ پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان قسەکەر و گوێگر هەبێت. هەروەها پێشتر بابەتێکی جێ بە جێنەکراو یاخود داواکاریەک لەلایەن گوێگرەوە ئاراستەی قسەکەر کرابێت کەوای لێبکات کردەی پەیماندان ئەنجامبدات. بۆ نموونە لە کردەیەکی وەکو:

**٧٥ - پەیمانت پێدەدەم کە لە جەژندا جوانترین جلت بۆ بکڕم.**

لێرەدا ئەگەر قسەکەر دایکێک بێت و لە ئەنجامی ئەوەی کە کچەکەی داوای کڕینی جلێکی کردبێت یاخود کچەکە گلەیی ئەوە لە دایکەکەی بکات کە لە مێژە جلکی نوێی بۆ نەکڕیوە. ئەوە ئەم حاڵەتە پاڵ بە قسەکەرەوە دەنێت کە پەیمانەکە بدات وبێگومان دەبێ جێبەجێیبکات و کچەکەش دەبێ باوەڕی بەوە هەبێت کە ئەو جێبەجێی دەکات . لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە ئەگەر پەیماندان بۆ کەسی سێیەم بێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا مەرجی هەبوونی گوێگر لەبەر چاو ناگیرێت بەڵکو لێرەدا دەبێ پەیامبەرێک هەبێت کە مەبەستی قسەکەرەکە بگەیەنێت.

**٢. مەرجەکانی کردەی پرسیارکردن:**

بەهەمان شێوە دەبێ گوێگر و قسەکەر و پرۆپۆزیشنێکی ئەنجامدراو هەبێت لە ناو کردەقسەییەکەدا. لە پرسیارکردندا دەبێ قسەکەر وەڵامەکە نەزانێت و زانیاری لە بارەی ئەو پرۆپۆزیشنە دەربڕاوە نەبێت کە لە شێوەی پرسیار ئاڕاستەی گوێگری دەکات. هەروەها دەبێ باوەڕی بە وەڵامی گوێگر هەبێت و پشت بەو زانیاریانە ببەستێت کە گوێگر لە وەڵامدا پێیدەبەخشێ. گوێگریش دەبێ بەتەواوی لە مەبەستی پرسیارکردنی قسەکەرەکە تێبگات و وەڵامە ڕاستەکەی پێشکەشبکات. (مەرجی لانەدانیش لە جیبەجێکردنی کردەی پرسیارکردن ئەوەیە کە نابێ گوێگر بە پرسیارێکی تر وەڵامی قسەکەر بداتەوە بەڵکو دەبێت لە ڕێگەی پرۆپۆزیشنێکی ڕاست و دروست وەڵامەکەی بداتەوە.) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆ نموونە ئەگەر پرسیارێکی وەکو:

**٧٦ - ئەرێ تۆش گەرمانە؟**

لەلایەن کەسێکەوە ئاراستەی برادەرێکی بکرێت کە لە هەمان ژووردا بن ئەوا دەبێ گوێگرەکە بە بەڵێ یان نا وەڵام بداتەوە ولە ئەنجامیشدا بچێ ساردکەرەوەیەک دابگیرسێنێت. چونکە لەوانەیە مەبەست لە پرسیارکردنەکەی قسەکەر هەر ئەوە بێت وا لە گوێگر بکات کارێک ئەنجامبدات بۆ ساردکردنەوەی کەش و هەوای ژوورەکە. لێرەدا ئەگەر گوێگر لە جیاتی بەڵێ و نەخێر پرسیارێک لەقسەکەر بکات و بۆ نموونە بڵێ: (سەعات چەندە؟) ئەوا لادانێک لە کردەکە دروستدەکات و کردەکە ناگاتە ئامانجی خۆی بەمەش بێگومان پەیوندیکردن ڕوو لە لاواز بوون دەکات .

**٣. مەرجەکانی فەرماندان:** لە فەرماندانا دەبێ قسەکەر فەرمانێک ئاراستەی گوێگر بکات، بە مەرجێک ئەو کەسە دەبێ کەسی دووەم بێت چونکە ئەگەر کەسی دووەم ئامادە نەبێت ئەوا کردەکە بە ئەنجام ناگات، لە ڕووی پلەوپایە و تەمەنەوە دەبێ پلە وپایەی

قسەکەر لە گوێگر گەورەتربێت. هەروەها قسەکەر لەوە دڵنیا بێت کە گوێگر لە توانایدایە فەرمانەکە جێبەجێبکات. بۆ نموونە ئەگەر باوکێک داوا لە کوڕە چوار ساڵانەکەی بکات کە بەڕۆژوو بێت، ئەمە مەحاڵە چونکە منداڵەکە لە توانایيدا نييە ئەم کارە بکات، بەمەش کردەی فەرماندان ئامانجی خۆی لە دەستدەدات چونکە دەبێ کاردانەوەیەک لەلای گوێگر دروستبکات. هەروەها لە فەرماندانـدا دەبێ شتێک داوا بکرێت کە پێشتر نەکراوە نەک شتێکی ئەنجامدراو داوا بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر دایکێک داوا لە کچەکەی بکات پانکەیەکی داگیرساو دابگیرسێنێت، بۆ نموونە:

**٧٧ - کچەکەم پانکەکە داگیرسێنە.**

لە کاتێکدا پانکەکە داگیرساو بووە، ئەوا هەرچەندە لە ڕووی فۆڕمەوە ڕستەکە مەرجەکانی تری فەرماندانی تێدایە بەڵام لەبەر ئەوەی گوێگر ناتوانێت لە ئەنجامی ئەم فەرماندانە هیچ کاردانەوەیەک بکات ئەوا ڕستەکە بە فەرماندان دانانرێت.

### ٤. مەرجی کردەی پێڕاگەیاندن:

لە پێڕاگەیاندن ئەگەر بە نموونە (حەرامکردن) وەربگرین ئەوا جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکرێت لە بارەی پلە وپایەی بەشداریکەرانی ئەم کردەیە، ئەگەر کردەکە لە لایەن خوای گەورەوە ئەنجام درابێت ئەوا قسەکەر بە هیچ شێوەیەک ناکەوێتە بەرامبەر گوێگر بەڵکو لە ڕێگەی پەیامێکەوە ئینجا ئەم پەیامەش لە ڕێگەی نوێنەرێکەوە بە گوێگر دەگات. لە حەرامکردنـدا گوێگر دەبێ بە تەواوەتی پابەندی کردەکە بێت و دەبێ لەوە دڵنیا بێ کە کردەکە سوودی پێدەگەیەنێ. کردەی حەرامکردن خۆی لە خۆیدا چەند کردەیەکی تر لەخۆدەگرێت وەکو: ( نەخواردن، نەکردن، لەبەرنەکرن، ...هتد ). بۆ نموونە:

**٧٨ - زێڕ بۆ پیاوان حەرامە : واتا نابێ پیاوان زێڕ لەبەر بکەن**

**٧٩ - گۆشتی بەراز حەرامە: واتا گۆشتی بەراز مەخۆن**

**٨٠ - زینا حەرامە : واتا زینا مەکەن**

هەندێ جاریش حەرامکردن لەلایەن کۆمەڵێکەوە دێتە بڕیاردان کە لەوانەیە لەم حاڵەتەدا پلە وپایەی قسەکەر و گوێگر بەرامبەر بێت و دیسانەوە حەرامکردنەکە بۆ مەبەستی سوود گەیاندن بە کۆمەڵ بێتە ئەنجام دان. لەم بارەشدا مەرج نیە هەموو کۆمەڵ بە حەرامکردنێک ڕازی بن، کە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بە بوارەکە دێتە ئەنجامدان، بۆ نموونە لەو ساڵانەی دواییدا بەهۆی زەرەری زۆری جگەرەکێشان بۆ سەر مرۆڤ لە ڕووی مادی و تەندروستیەوە، لێژنەی فتوای موسوڵمانان بڕیاری حەرامکردنی جگەرەکێشانی دا، بەڵام هەموو کۆمەڵی موسوڵمانان پابەندی حەرامکردنەکە نەبوون.

### ٥. مەرجەکانی پۆزش هێنانەوە

سەرەکی ترین مەرجی پۆزش دەبێ قسەکەر پێشتر کارێکی نە شیاوی بەرامبەر بە گوێگر ئەنجام دابێ دەبێ لەوەش دڵنیا بێت کە گوێگر دەتوانێ لێی خۆش بێت چونکە لێخۆشبوونەکە لەلایەن گوێگرەوە مەرجی سەرکەوتنی پۆزشەکەیە، پۆزش هێنانەوە یەکێکە لەو کردانەی کە پەیوەستە بە کەلتور ولەگەڵ جیاوازی لە شارستانیەتی هەرکۆمەڵگایەک مەرجەکانی دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای کوردیدابە پێی کلتور وشارستانیەت هەمیشە وا باو بوە دەبێ پلە وپایەی پۆزشهێنەر لە پلە وپایەی گوێگر نزمتر بێت واتا لە کۆمەڵگای ئێمە کەمتر ڕێگە بەوە دراوە کە گەورە پۆزش بۆ بچوک بهێنێتەوە کەچی لە کۆمەڵگایەکی وڵاتانی ئەوروپی دا شتێکی زۆر باو وئاساییە کە گەورە پۆزش بۆ بچوک بهێنێتەوە، بەڵام بێگومان پێشکەوتن و فراوان بوونی بیری مرۆڤایەتی مەرجی ئەوە دەخاتە سەر هەموو مرۆڤێک کە لە کاتی هەڵەکردندا پۆزش بهێنێتەوە بەرامبەر هەرپلە وپێیەیێک بێت.

بەگشتی ئۆستن بۆ جێبەجێبوونی کرداری ڕاپەڕاندن چەند مەرجێکی گونجاوی داناوە:

١ـ دەبێت پابەندبوونی تەقلیدی کاریگەری تقلیدی هەبێت.

٢ـ دەبێت بار وکەس بگونجێت بە تایبەتی لە کاتی گرتنە بەری ڕێوشوێنی قسەکردندا.

٣ـ ئەو ڕێوشوێنەی دەگیرێتە بەر دەبێت بەتەواوەتی وپڕاوپڕی (١)، (٢) جێبەجێ بکات.

٤ـ هەمیشە دەبێت (١) کەسێک بێت کە بیرو ڕا و هەست وسەرنجی داخوازی کەرانەی هەبێت. وەک ئەوەی لەڕێوشوێنەکەدا هەیەتی. ئەگەر (٢)ش ئەنجامی ڕەفتارێکی دیاریکراو بوو ئەوا ئەو کاتە دەبێت پەیوەستبوونەکەی جیابکرێتەوە.

بۆ نمونە لە پرسیارێکی وەکو:

**٨١ - شایی کێیە؟**

دەبێت، دەوروبەرێکی فیزیکی، شوێنێک کە پڕبێت لە خەڵک هەبێت. (ئاڤێستا کمال محمود ٢٠٠٩، ل.٤١)

**٢-٣ کردە قسەییە ناڕاستەوخۆکان**

ئەوەی لە دەرەنجامی کردە قسەییەکانەوە بۆمان دەرکەوت ئەوەیە کە هەموو ڕستەیەک کردەیەک جێبەجێ دەکات، کە ئەم کردەیەش هەندێک جار بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن قسەکەرەوە دێتە ئەنجامدان. ئەمەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەمیشە هەوڵدەدات ئەو ئامانجەی کە هەیەتی بەشێوەیەکی وا بیگەیەنێتە گوێگر کە ئاڕاستەیەکی بێ ڕێزی یاخود کاریگەریەکی خراپی نەبێت بۆ سەر هەستی بەرامبەرەکەی. ئەمەش بێگومان پەیوەستە بەو هەوڵەی مرۆڤایەتی بۆ زیاتر بڵاوکردنەوە و برەوپێدانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان مرۆڤەکان، ئاخاوتنی ناڕاستەوخۆ تەواو پەیوەستە بە ویست و ئامانجی قسەکەرەوە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کە دەیەوێ بە بەرامبەری بگەیەنێت، مەبەستەکانیش جۆراوجۆرن وپەیوەستن بە دەوروبەری قسەکردن و ئاست و باری ڕۆشنبیری قسەکەر و گوێگر وجیاوازی لە کەلتوری میللەتاندا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین : ( ئەو ئەرکە سەرباریانەی کەلە ڕستەیەک بارکراون کە مەبەستی ڕاستەقینەن لە ڕستەکەدا پێیان دەگوترێت کردەی ناڕاستەوخۆ.(John I.Saeed 2009, p.241) بۆ نموونە ئەگەر دایکێک بە کچەکەی بڵێ:

**٨٢ - کچەکەم گوێم لە دەنگی تەلەفزیۆنە.**

ئەوا ئەو دایکە دەیەوێ کچەکە واز لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بێنێت وخەریکی خوێندن بێت. بەڵام لەوانەیە مەبەستی دایکەکە ئەوە بێت لە ڕێگەی فەرمانێکی ڕاستەوخۆوە کاریگەریەکی خراپ لەسەر دەروونی کچەکەی دروست نەکات. ئەم ڕستەیەی سەرەوە ڕستەیەکی هەواڵدانە لە ڕووی ڕواڵەتەوە بەڵام لە ڕووی واتاوە ئەرکێکی تری لێ بارکراوە کە قسەکەر مەبەستیەتی. کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ (کردەیەکە کە تیایدا فۆڕمی بەکارهێنراو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاوتا نیە لەگەڵ ئەو کردارەی کە لەلایەن قسەکەرێکەوە لە ڕێگەی گوتنێکەوە ئەنجام دراوە. (George Yule 2010, p.288)

ئەگەر ڕستەیەکی وەکو:

**٨٣ - دەرگاکەت بەکراوەیی بەجێهێشت.**

ئاڕاستەی کەسێک بکرێت کە تازە لە دەرەوە هاتۆتە ژوورەوە ئەوا مەبەست لەگوتنەکە داخستنی دەرگاکەیە، بە واتایەکی ڕوونتر قسەکەر بەگوێگر دەڵێ: (برۆ دەرگاکە دابخە)، بەمەش فۆڕمی ڕستەکە کە لە ڕوی سینتاکسەوە لە قاڵبی هەواڵدان وگەیاندنی زانیاری دایە، لە ڕووی واتا ومەبەستی قسەکەرەوە فەرماندانێکی بەڕێزەوەیە بۆ جێبەجێکردنی کارێک. (لە دیدی فنچ کردەی ناڕاستەوخۆ ئەو جۆرە کردەیەیە کە ئێمە ڕایدەپەڕێنین لە کاتێکدا کردەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدەین، لە زۆربەی کردە راستەوخۆکاندا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆش لە نێو وشەکانی ئاخاوتنەکە بە گوێرەی ڕەوشە کۆمەڵایەتیەکە، یان دەقەکە لە ئارادایە).

(سەلام ناوخۆش ٢٠٠٩، ل.٣٤) بۆ ناسینەوەی کردەی ناڕاستەوخۆش دەتوانین بڵێین (کاتێک لێکدانەوەی مانای گفتوگۆیەک جیاوازدەبێت لە وەرگێڕانی مانای پیتەکان (Literal interpretation) ئەوا هەندێ جار ئەم گفتوگۆیە پێیدەگوترێ کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ). (Andrew Radford, et al 2009, p.395) لێرەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک لەو گفتوگۆیانەی کە لێکدانەوە وکردەکەیان جیاوازە لەو فۆڕمە سینتاکسیەی کە گفتوگۆکەی پێکهێناوە دەبنە کردەی ناڕاستەوخۆ چونکە لە زماندا حاڵەتی تریش هەن کەواتاکانیان جیاوازە لە مانای ئەو وشانەی کە ڕستەکە پێک دەهێنن بۆ نمونە وەکو حاڵەتی (ئیدیەم) کە دیاردەیەکی باوە لە هەموو زمانێکدا بەڵام ئەوەی ئیدیەم لە کردەی ناڕاستەوخۆ جیادەکاتەوە ئەوەیە کە لە ئیدیەمدا قسەکەر چاوەڕێی هیچ کردەیەک ناکات وزۆرجار بریتییە تەنها لە وەسفکردنی دیاردەیەک یان بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی، کەچی لە کردەی ناڕاستەوخۆدا قسەکەر چاوەڕێی ئەنجامدانی کردەیەک لە گوێگر دەکات. هەندێک جار هێز وئاواز فاکتەرێکن بۆ جیاکردنەوەی ئاخاوتنە ناڕاستەوخۆکان لە زماندا چونکە (هێز وئاواز ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە گەیاندنی مەبەستی قسەکەر بەهۆی ئاوازی ئاخاوتنەوە، دەتوانین باری دەروونی قسەکەر ( (دڵخۆش، دڵتەنگ، ترساو ....)) هەروەها جۆری ئاخاوتنەکەی (سەرسوڕمان، گاڵتەپێکردن وهەڕەشە وتووڕەبوون، ڕەزامەندی وناڕەزایی .....) دیاریبکەین، تەنانەت هەڵوێست ومەبەستی شاراوە وباری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی ڕستەکەوە، دەزانرێ وئاشکرا دەبێ، هەروەها ئاواز، جۆری دەربڕینەکان لە " پرس، هەواڵگەیاندن، فەرمانکردن ..." دەستنیشاندەکات.) (هێمن عەبدولحەمید شەمس٢٠٠٦، ل.٤٥) (کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ بە هۆی هێز وئاوازەوە لەلایەن نێرەر دەردەبڕێت و هێز وئاوازەش وەکو کەرەسەیەکی ناکەرتی (Suprasegmental) لە زماندا کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر واتای شاراوەی ڕستە ومەبەستی نێرەر.) (ئاوات ئەحمەد محەمەد ٢٠٠٩، ل.٧٢) بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کردەی ناڕاستەوخۆ (کە لە شێوەی "هەواڵ گەیاندن، پرسیار/ فەرماندان " خۆیان دەنوێنن وئاوازە ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕێ.) وەک:

**٨٤. ئەم قسەكردنە تەواو نەبوو. ( هەڵس )**

عبدالواحيد مشير دزەيی ٢٠٠٩، ل.٧١.

لێكدانەوەی واتای ئەو ڕستانەی كە بەكردەی نا ڕاستەوخۆ لە قەڵەم دەدرێن زۆرجار پەیوەستن بەو شوێنەی كە قسەكەی تێدا ئەنجامدراوە وكردەكەش پەیوەست دەبێت بەشوێنەكەوە، بۆ نموونە: ئەگەر شوفێرێك بچێتە شوێنی پەنچەرچییەك و بڵێ:

**٨٥ - كاكە هەردوو تایەی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەكەم هەوایان كەمە.**

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ كە شوفێرەكە داوا لە پەنچەرچییەكە دەكات كە هەوا لە تایەكانی بكات كە گفتوگۆكە بە كردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام ئەگەر لەلای برادەرێكی ئەوە باس بكات لەوانەیە ڕستەكە تەنها ڕستەیەكی هەواڵدان بێت وئەركی زانیاری گەیاندنێك بێت. (سێرێلا پێ ی وایە كەفراوان بوونی بیری مرۆڤایەتی وئاشنا بوونی خەڵك بەزانستەكانی واتا وپراگماتیك وای كردووە كە قسەكەر زیاتر پەنا بۆ بەكارهێنانی گوتراوی نا ڕاستەوخۆ ببەن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، قسەكەران بەردەوام هەوڵدەدەن كە شێوازی لەبارتر و پڕ لە ڕێز وستایش هەڵبژێرن بۆ بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوانیان.( Siobham Chapman2011, p.67) ئێستا دەتوانین بڵێین :(هەر شێوە زمانێك كە جیاواز بێ لەگەڵ شێوە ڕاستەوخۆ وبەكارهێنراوە گشتیەكەی لێرەدا زمان، لەسەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆی لا دەبرێت، ولەقاڵبی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ، ڕەخنەی ڕاشكاو وئازاد دەردەچێ و شێوازی نا ڕاستەوخۆ بە خۆیەوە دەگرێت. لە ڕاستیدا لێرەدا زمان لە بن كاریگەری بارودۆخ وبە پێی حوكمی دەسەڵات، قاڵبی خۆی دەگۆڕێت، زمان بۆ مانەوە و درێژەپێدان بە بەردەوامبوونی خۆی ڕێگای تر دەگرێتە بەر كە بگونجێ لەگەڵ ڕەوتی كۆمەڵگادا) (مقداد شاسواری٢٠٠٧، ل. ٩٨)

### ٤-٢ كردە قسەییە ڕاستەوخۆكان:

كردەی قسەیی ڕاستەوخۆ بریتی یە لە دەربڕینی ئەو كردانەی كە ئاسایی وچاوەڕوان كراون لە ژینگەی قسەپێكەرانی زماندا، بەشێوەیەك كە قسەكەر لە ڕێگەی ئەم دەربڕینانەوە ڕاستەوخۆ وبە زوترین كات مەبەستی خۆی ئاڕاستەی گوێگر بكات، مەبەستمان لە ئاسایی وچاوەڕوانكراویش فۆڕمی ڕێزمانی چەسپێو وشێوازی بەردەوام بەكارهێنراوە.(كردەی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆ پەیوەندی ئاخاوتنەكە ودەقەكە وكردارەكە دەخاتە ڕوو. فینچ ئەم ئاخاوتنە بە ڕاستەوخۆ دادەنێ:

**٨٦ - كردەی هاوسەری: بڕیارم دا كە ئێوە ئێستا ژن ومێردن.**

**٨٧ - كردەی ناونان: ئەو كچەی خۆم ناو دەنێم سۆما.**

**٨٨ - كردەی داخستنی كۆڕ وكۆبوونەوە: ڕادەگەیەنم كە كۆبوونەوەكەمان تەواوبوو (سەلام ناوخۆش٢٠٠٩،ل.٥٩)**

ئەوەی لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبیبنین ئەوەیە كە ئەو گوتنانەی كردەی ڕاستەوخۆ پێكدەهێنن ئاخاوتنەكە هەمان ئەو كردەیە دەنوێنی كە بە شێوەیەكی ئاشكرا وئاسایی ئاماژەی بۆ دەكات. بەشێوەیەكی تر دەتوانین بڵێین یەكسان بوونی ڕواڵەت وفۆڕمی بەكارهێنراو لەگەڵ كردەی جێبەجێكراو لە ئاخاوتنێكدا بریتییە لە كردەی قسەیی ڕاستەوخۆ. لەو گوتنانەدا كە پەیوەندیەكی واتایی ڕاستەوخۆ لە نێوان قسەكەر وگوێگر وئاخاوتنەكەدا دروست دەبێت وپەیامەكە لەلایەن قسەكەرەوە ڕاستەوخۆ لە شێوەی هەواڵ یان فەرماندان ئاڕاستەی گوێگر دەكرێت، ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ بەرهەم دەهێنرێت.( ڕستە ڕاستەوخۆ بەیەك مەبەست بەكاردێت، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ دەتوانێت چەندین مەبەست بگەیەنێتە ئەنجام، بۆ نموونە ڕستەی هەواڵگەیاندن ڕاستەوخۆ بۆ زانیاری وهەواڵ گەیاندن بەكاردێت بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەتوانی گلەیی، ناڕازی بوون، فەرمان، پرسیار و مەبەستی تریش دەرببڕێ، گرنگی ئەمەش لەوەدایە كە پۆلینە دێرینەكە هەڵدەوشێنێتەوە) (قیس كاكل تۆفیق ١٩٩٥، ل.١٢٣) ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ وناڕاستەوخۆ، ئەگەر لە زۆر باردا هەمان پێكهاتەی ڕێزمانیان هەبێ، ئەوا لە ڕێگای دەقەوە، یان ڕەوشی كۆمەڵایەتی دەوروبەرەكەوە دەكرێ لەیەك جیابكرێنەوە، لەهەندێك حاڵەتدا گوتنی ڕاستەوخۆ كاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر گوێگر هەیە، هەربۆیەش زۆربەی كۆمەڵگاكان زیاتر هەوڵدەدەن كە گوتنی نا ڕاستوخۆ بەكار بهێنن. بۆ نموونە: ٨٩ - **باوكم مردووە.**

كە لەلایەن منداڵێكی دەرۆزەكەرەوە گۆكرابێت شیبكەینەوە ئەوا دەبینین ( دوو هێزی ستراتیجی لەم گوتنەدا دەستەبەر دەبێت. یەكێكیان هێزی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ و پەیوەست بە كردەی وشەییە كە بریتییە لە هەواڵێك، ئەویتریان هێزی ئاماژەكردنە بە مەسەلەیەك كە هەڵگری هەوڵێكە لەلایەن قسەكەرەوە بۆ ئەوەی پاڵ بە گوێگرەوە بنێ كە شتێكی پێبدات) عبدالهادی بن ظافر الشهری ٢٠٠٤، ل.١١٧) بێگومان شی كردنەوەی گوتنە ڕاستەوخۆكانیش لەلایەن گوێگرەوە لە شێوەی دەربڕاو وپێكهاتەی گوتنەكەوە

هەڵدەهێنجرێ، بەڵام شیكردنەوەی ئاماژە بۆ كراوەكان كە بە ناڕاستەوخۆ وەسفدەكرێن پێویستی بە تاوتۆكردنێكی فكری قوڵ هەیە بۆ ئەوەی لە مەبەستی قسەكەر تێبگەین.

**٢-٥- بنەمای هاریكاری و لێكەوتنە ئاخاوتنیەكان:**

بنەماكانی هاریكاری چەند بنەمایەكن كە چۆنیەتی بەڕێوەچون وئامانجی ئاخاوتن پێیانەوە بەندە بە جۆرێك كە جێبەجێكردن ونەكردنی ئەم بنەمایانە ئامانج وئاڕاستەی هەر ئاخاوتنێك دیاری دەكەن، ئەم بنەمایانە بۆ یەكەم جار لەلایەن فەیلەسوفی بەریتانی (پۆل گرایس) هێنرانە ناو بۆتەی شی كردنەوەكانی زمانەوانی، گرایس پێ ی وایە كە (گەیشتن بە واتای هاوبەش لە ئاخاوتندا لە ڕێگەی بنەمای هاریكارییەوە دەبێ كە هەموو قسەكەرێ بێ جیاوازی ڕۆشنبیری و كەلتووری لە هەموو كۆمەڵێكدا پەیڕەوی بكات) (محەمەد مەعروف فتاح ٢٠١٠، ل.٤٢٤). كورتەی بۆچوونەكەی گرایس لەهەمبەر بەكارهێنانی بنەماكانی هاریكاریدا لەو وتەیەدا ڕووندەبێتەوە كە دەڵێ: (با گوتنەكەت هێندە بێت و لەو كات وشوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت، كەپێویستی تێگەیشتن دەیەوێت) چەمكی لێكەوتەش لە تیۆری بەكاهێنانی زمانەوە سەرچاوەی گرتووە، كەواتە دەتوانین بڵێین (ئاخاوتن لەسەر بنەمایەكی هاریكاری نێوان " نێرەر" و" وەرگر" بەڕێوەدەچێت و پەیڕەوكردنی ئەم بنەمایانەش نەخشە كێشانێكە بۆ ئەوەی ئاخاوتن شێوەی نموونەیی وەربگرێ) (عەبدولواحید مشیر دزەیی ٢٠٠٩، ل.٧٤) گرایس گرنگیەكی زۆری بە زمانی ئاخاوتن دەدا. ئەو بڕوای وابوو كە لە ئاخاوتندا دەبێ كەمترین وزە بۆ چاكترین دەربڕین بەكاربێ و ئاخاوتن چالاكیەكە بەهاریكاری دێتە ئەنجام و هاوبەشەكانی ئاخاوتن لەڕێگەی هاریكاریەوە بە واتای هاوبەش دەگەن. ئەركە كۆمەڵایەتیەكەی زمان مرۆڤ پەیوەست دەكات بە (هاریكاریكردنی یەكتری بۆ ئەوەی لە هەست و سۆزی یەكتر تێبگەن و بێگومان ئەم هاریكاریكردنەش لەڕێگەی یەكترناسینەوە دروست دەبێت و یەكترناسینیش دروست نابێت تا هۆكارێك لە ئارادا نەبێت. جا هۆكارەكانیش چ فیزیكی بن یان هێمایی یاخود زمانی بن. گرنگ ئەوەیە كە ئەمانە هەموویان پرۆسەی پەیوەندیكردن و لەیەكتر تێگەیشتن بەڕێوەدەبەن) (محمود عكاشە ٢٠٠٠، ل.٩٣) (بنەماكانی هاریكاری بەشێوەیەكی مانادار بەشداریی دەكات لە ئامانجی پەسەنكراوی ئاراستەی قسەكەر) (سازان رضا معین ٢٠٠٥، ل.٧٥) واتە بنەماكان كاتێك جێبەجێ دەبن كە گوێگر پەسەندی ئەو ئاڕاستەیە بكات كە قسەكەر مەبەست و ئامانجیەتی، مەبەستی سەرەكیش لە پیادەكردنی ئەم بنەمایانە (نەبەزاندنی ئەو بنەمایەیە كە بەندە بە گونجانی وشەكان لە سنووری ڕستەدا لەگەڵ یەكتر ودەبێت پێویستەكانی كارەكە وەك: (بكەر) و(بەركار) پێوانە بكرێت لەگەڵ كارەكە و بگونجێت و بابەتی وڕاست بێت. )(عەبدولواحید موشیر دزەیی ٢٠١١، ل.٨١) دەبێ ئەوەش بڵێین كە سەركەوتنی ئاخاوتن هەموو جارێك پەیوەست نیە بە نەبەزاندنی بنەماكانی هاریكاری چونكە (هەموو دەم هاوبەشەكانی ئاخاوتن ناچارنابن بە پەیڕەوكردنی ئەو بنەمایانە بە تایبەتی لەو ئاخاوتنانەی كە لە ڕێز بەندییەكی بەرزتر ڕوودەدەن، یان لە پێناو شاردنەوەی ئاخاوتنەكان ئەنجامی دەدەن) (عبدالباقی اكرام احمد ٢٠١٢، ل.٨١) بنەماكان كۆمەڵە ڕێنماییەكن پەیوەستن بە نەریتی قسەكردن، ئەم نەریتانەش لەوانەیە جێگر وچەسپاو نەبن، چونكە قسەكەران بە پێ ی جیاوازی ڕەفتار و بیر وبۆچوونیان لەوانەیە لەو ڕێچكەیە لابدەن كە بە ڕەفتارە باشەكانی قسەكردن وەسفدەكرێن ، بۆیە لەوانەیە زۆر بڵێی و زیادەڕۆیی بكەن لە ئاخاوتندا. تەنانەت لەوانەیە هەموو كاتێك ڕاستیش نەدركێنن و لە بابەتەكان لابدەن ، بەمەش بنەماكانی هاریكاری جێبەجێنابن و قسەكەر دەیانبەزێنیت. هەرچەندە كە گوێگر هەمیشە چاوەڕێی ئەوە لە قسەكەر دەكات كە پابەند بێت بە بنەماكان. بۆ ئەم مەبەستەش گرایس (بنەمای هاریكاری) بە یاسایەكی گشتی دادەنێت و لەڕێگەی چوار بنەمای بچوكتر كە بە ماكزیمەكانی هاریكاری ناویان دەبات بەرجەستەی دەكات و بەم شێوەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ دەكات.

**٢-٦ ماكزیمەكانی بنەمای هاریكاری:**

**٢-٦-١ ماكزیمی چۆنیەتی : Maxim of Quality**

بەپێی ئەم بنەمایە دەبێ قسەكەر هەوڵبدات كە ڕاستگۆیانە وبێ پێچ و پەنا مەبەستەكانی دەرببڕێت و( لە ڕێزكردنی ڕووداوەكاندا لۆجیكی بێت ) (سازان رضا معین ٢٠٠٥، ل.٧٧) هەروەها شتێك نەڵێت كە پێویست بە بەڵگەهێنانەوە بكات. واتە هەمیشە ئەو زانیارانە هەڵبژێرێ كە پێویست بەوە ناكات بەڵگەی سەلمێنراو لەگەڵیدا پێشكەشبكرێت بۆ ئەوەی توشی درێژدادڕی نەبیت لە كاتی ئاخاوتندا. بۆ نموونە:

**٩٠- پ ـ دەغڵ ودانی ئەم وڵاتە پشت بە ئاوی چی دەبەستێت؟**

**٩١- و ـ پشت بە باران دەبەستێ.**

لێرەدا وەڵامی گوێگر خۆی بەڵگەدارە، چونکە ڕاستیەکەی لای هەمووان ڕوونە و پێویست بە بەڵگەیەکی سەلمێنراو ناکات بۆ ئەوەی ڕاستی وەڵامەکەی ئاشکرا بکات. مەرجێکی تری بنەمای چۆنیەتی ڕوونی گوتنەکەیە واتە دەبێت قسەکانت ( دووربێت لە تەمو مژی و فرە واتایی ) (محەمەد مەعرووف فەتاح ٢٠١٠، ل.٤٢٥) ئەوەش بۆ ئەوەی گوێگر سەری لێنەشێوێت و وزەیەکی کەمتر سەرفبکات بۆ تێگەیشتن لە بابەتە گوتراوەکە.

### ٢-٦-٢ ماکزیمی چەندیەتی: Maxim of Quantity

ئەم بنەمایە پەیوەستە بەبڕی ئەو زانیاریە سەرەکیانەی کە دەبێت لەهەرئاخاوتنێکدا دەستەبەر بکرێت بەجۆرێک (کە بەشداریت لە ڕووی زانیاری بەخشینەوە هێندە بێت کە پێویستە واتە گوتنەکەت لە خزمەتی مەبەستە هەنوکەییەکانی ئێستا دابێت) (عومەر محمود کریم ٢٠٠٩، ل.٦٠) چەندیەتی بە گشتی دوو بنەما لە خۆ دەگرێت:

ا ـ هەوڵبدە تەنها ئەو زانیاریانەی  کە سەرەکین و پێویستی گوێگر پڕدەکەنەوە بەکاریان بهێنە بۆ نموونە ئەگەر پرسیارێکی وەکو:

**٩٢ـ پ ـ براکەت چەند کوڕو چەند کچی هەیە؟**

**ناکرێت تەنها بە وەڵامی:**

**٩٣ـ پ ـ دوو منداڵی هەیە.**

پێویستی پرسیارەکە پڕبکەیتەوە، چونکە زانیاریە سەرەکیەکە کە پرسیارکەر پێویستی پێیەتی تەنها ژمارەی منداڵەکان نییە، بەڵکو دەبێت بڵێی بۆ نموونە:

**٩٤ـ یەک کوڕ ودوو کچ.**

ب ـ هەوڵبدە لەگەڵ زانیاریە سەرەکیەکە زانیاری لاوەکی زیاد مەکە کە گوێگر پێویستی پێی نەبێت. واتە بەگشتی خۆت بەدوور بگرە لە درێژدادڕیی. بۆ نموونە ئەگەر پرسیارێکی وەکو:

**٩٥ـ براکەت چەند منداڵی هەیە؟**

ئاراستەکرا ئەوا هیچ پێویست ناکات وەڵامێکی وەکو:

**٩٦ـ دوو منداڵ یەک کچ و یەک کوڕ.**

بدەیتەوە. بەڵکو ئەوە بەسە کە بڵێی :

**٩٧ـ دوو منداڵ.**

کەواتە هەموو جارێک پێشکەشکردنی زانیاری زۆر،  بەکارێکی باش لەقەڵەم نادرێت بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێک شت تا زۆر بێت سوودی کەمتر دەبێت، چونکە بێگومان درکاندنی شتی زۆر وزەی زۆرتری دەوێ و هەروەها کاتێکی زیاتریشی دەوێ هەم بۆ گۆکردن و هەمیش بۆ تێگەیشتن.

### ٢-٦ -٣ ماکزیمی پەیوەندی:  Maxim of Relevance

ئەم بنەمایەش پەیوەستە بە جێبەجێ کردنی یاسای  بەشداری کردنی گونجاو.واتە گفتگۆکان دەبێت پەیوەندیدار وگونجاو بن لەگەڵ بابەتەکە وئەو شوێنەی یاخود ئەو دەوروبەرەی کە گوتنەکەی تێدا دێتە ئەنجامدان، لە ماکزیمی پەیوەندیدا ئاستی ڕۆشنبیری و پلەی کۆمەڵایەتی وتەنانەت جیاوازیی کار وپیشەش ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە بار وکەسی جیاوازەوە، بە جۆرێک (ئەوەی کە دەگوترێت دەبێت بۆ بابەتی گفتوگۆکردنەکە وبۆ مەوقیفەکە وبۆ پەیوەندی نێوان بەشداربووان گرنگ بێت) (محمدی مەحوی ٢٠٠٩، ل.٢١٧) ئەگەر ئەم نموونەیەی خوارەوە وەربگرین بۆ دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان گوتن ودەوروبەرەکەدا کاتێک قسەکەرێک دەپرسێ:

**٩٨ -  پ ـ ئەرێ  ئەم کاتژمێرە بۆ دواکەوتووە؟**

**٩٩ -   و ـ ئەمڕۆ کارەبا بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بڕا بوو.**

لێرەدا پەیوەندی لە نێوان پرسیاری قسەکەر و وەڵامی گوێگردا دەوەستێتە سەر ئەو دەوروبەرەی کە هەردووکیان تێیدان، چونکە دیارە قسەکەریش دەزانێ کە کاتژمێرەکە بەکارەبا کاردەکات هەر بۆیەش گوێگر هۆی دواکەوتنی کاتژمێرەکە دەبەستێتەوە بە بڕانی کارەبا.

**٢-٦-٤ ماكزیمی شێوازێكی ڕوون : Maxim of manner**

لێرەدا دەبێ قسەكەر وگوێگر هەوڵبدەن ڕوون بن لە بەشداریكردن لە ئاخاوتنەكەیاندا و لە یاسا گشتییەكان لانەدەن. ماكزیمی شێواز چوار تایبەتمەندی لە خۆ دەگرێت:

ا- دووركەوتنەوە لە لێڵی.

ب - دووركەوتنەوە لە بەهەڵەداچوون.

پ - كورتبڕی لە گوتن.

ج - لەبەرچاوگرتنی ڕێزبەندی لە گوتنەكاندا.

**٢-٧ بەزاندن و لادان لە بنەماكانی هاریكاریی:**

هەروەكو پێشتریش ئاماژەمان پێدا جێبەجێكردنی بنەماكانی هاریكاری مەرجێكی چەسپاو وسەپێنراو نین. واتە قسەكەران دەتوانن لە هەندێك حاڵەت و باری تایبەتیدا لادان لەم بنەمایانە بكەن و بەهۆی مەبەستی تایبەتیەوە بیانبەزێنن. هەندێك جاریش نەبوونی توانایەكی تەواو بۆ جێبەجێكردنی ئەم بنەمایانە وا لە قسەكەران دەكات بنەماكان ببەزێنن. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**٢-٧-١ لادان لە چۆنیەتی :**

ئەمەش كاتێك ڕوودەدات كە قسەكەر و گوێگر هاریكاری یەكتری ناكەن و لەڕاستگۆیی و پەیوەستبوون بە شتی لۆجیكی و بەڵگەدارەوە. بۆ نموونە ئەگەر دایكێك بە كچەكەی بڵێ:

**٣٨. ئەگەر ئەمجارە بە قسەم نەكەی ئەم ماڵەت بەسەردا دەڕوخێنم.**

لەوانەیە لێرەدا كچەكە هیچ هەڵوێستێكی نەبێ، چونكە دڵنیایە لەوەی كە دایكی ناتوانێت ئەم كارە ئەنجام بدات. لە كوردەواری خۆشماندا دەڵێن (هەڵگرتنی بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنە.) كەواتە ئەم ئاخاوتنەی سەرەوە هیچ ئەنجامێك دروست ناكات و ئامانجی گفتوگۆكردن لەدەست دەدات.

**٢- ٧-٢- لادان لە چەندیەتی:**

زۆر جار قسەكەر بە مەبەستی شاردنەوەی شتێك لە گوێگر زانیاری لاوەكی دەخاتە ناو بابەتەكەوە ودرێژدادڕی دەكات. لادان لە چەندیەتی (لە نەزانینەوە نیە، بەڵكو بۆ ئەوەیە قسەكەر نایەوێ خەستی حۆی ڕاستەوخۆ دەرببڕێ تا بەرامبەرەكەی زویر نەبێ) عەبدولواحید مشیر دزەیی ٢٠٠٩، ل.٧٥) بۆ نموونە كاتێك باوكێك لە مامۆستایەك دەپرسێ:

**١٠٠- پ - مامۆستا كوڕەكەم لە وانەی بیركاری چۆنە؟**

**١٠١- و- كوڕەكەت زۆر عاقڵ و ڕێك وپێكە، دەستپاكە، دەستخۆش لۆ ئەو تەربیەتەی.**

لێرەدا مامۆستاكە شتی لاوەكی وداوانەكراو دەكاتە وەڵامی پرسیارەكە لەبەرئەوەی كوڕەكە لەوانەیە لە وانەی بیركاری خراپ بێت ونەیەوێ باوكەكە بەمە بزانێت. چونكە لەوانەیە ئەگەر بزانێت لە كوڕەكەی توڕە ببێت، مامۆستاكەش بەمجۆرە دەیەوی دەرفەتێكی تر بە قوتابیەكە بدات وتووشی ساردبوونەوە نەبێت. هەندێك جاریش لادان لە چەندیەتی لە ئەنجامی پێشكەش نەكردنی زانیاریەكە، كە پێویستە بۆ گەیشتنە ئەنجام لە گفتوگۆكردندا واتە بەهۆی كورتبڕیش لادان ڕوودەدات. بۆ نموونە: ئەگەر دوو هاوڕێ بیانەوێ چاویان بەیەكتر بكەوێ ولەڕێگەی تەلەفۆنەوە كاتێك دیاریبكەن، بەم شێوەیە:

**١٠٢- پ - ئەرێ كاتژمێر چەند و لەكوێ یەكتر ببینین؟**

**١٠٣- و - دوای نیوەڕۆ.**

لەم حاڵەتەدا پرسیاركەرەكە نازانێ بە ڕوونی كامە سعات دوای نیوڕۆ وشوێنەكەش دیاری نەكراوە، بۆیە ناچار دەبێ دووبارە پرسیارەكە بكاتەوە.

**٢-٧- ٣ لادان لە شێوازێكی ڕوون:**

زۆر جار قسەكەران شێوازێكی تەم ومژاوی یان كەرەسەی لەگەڵ یەكتر نەگونجاو لە قسەكردندا بەكاردەهێنن بەمەش (گوێگر قورساییەكی زۆری دەكەوێتە سەر تا لەمەبەستەكەی دەگات و ئەویش دەبێت لە ڕێگای پڕاگماتیكەوە لێكدانەوەی بۆ بكرێت. (عەبدوالواحید مشیر دزەیی ٢٠١١، ل.٨٢) بۆ نموونە :

**١٠٤ - ئەو وڵاتە جوانەی خۆر لێی زیزە.**

بێگومان بەکارهێنانی شێوازی ناڕوون لێکدانەوەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە. هەر بۆیەش بەشێوەیەکی نائاسایی دێتە بەرچاو و زۆرجار قسەکەران تووشی سەرلێشوان دەکات. بۆ نموونە:

**١٠٥ - پ ـ کچەکەت ساڵی چەند لە دایک بووە؟**

**١٠٦ - و ـ ١١ی مانگ ساڵی ٢٠١٠ مانگی ٤ .**

لێرەدا لادان لە شێوازدا بەهۆی ڕەچاونەکردنی ڕیزبەندییەوە ڕوویداوە.

**٢-٧-٤- لادان لە پەیوەندی:**

ئەم لادانەش کاتێک ڕوودەدات کە قسەکەران گوێ نادەنە جێبەجێکردنی بنەمای بەشداریکردنی گونجاو و ئەو پەیوەندییە بەهەند هەڵناگرن کە دەبێت لە نێوان ڕستەی گوێگر و دەوروبەرەکەیدا هەبێت، یاخود وەڵامێک دەدەنەوە کە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە نیە. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک لە کوردستانەوە بچێتە ئەمەریکا و لەوێ ئەو پرسیارە بکات:

**١٠٧ - پ ـ ئەرێ لێرە کاتژمێر چەند کارەبای حکومی دەبڕێت؟**

لەوانەیە گوێگر هیچ هەڵوەستەیەکی نەبێت و پرسیارەکەی زۆر لا سەیربێت چونکە لەو دەوروبەرەی کە ئەو لێیەتی کارەبا نابڕێت.

**٢-٨ لێکەوتەکانی ئاخاوتن:**

لێکەوتە یاخود دەرکەوتەکانی ئاخاوتن بریتییە لە (لێکدانەوە وشیکردنەوەی ئاخاوتن. بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاون) (عەبدولواحید مشیر دزەیی ٢٠٠٩، ل.٧٤) لێکەوتەکان ئەو مانایانەن کە بە ڕوونی لە لایەن قسەکەرەوە ناگوازێتەوە. بەڵکو وەکو دەرەنجامێک بۆ ئەو وشانەی کە قسەکەر گوێیان دەکات لێیان تێدەگات. لێرەدا ئەگەر نموونەیەکی وەکو:

**١٠٨ - کچەکەی من مانگە.**

وەربگرین دەبینین لێرەدا گوێگر وادادەنێ کە قسەکەر ماکزیمی چۆنیەتی جێبەجێکردووە، بۆیە بیری بۆ لای ئەوە ناڕوات کە لە ڕاستیدا کچەکەی گوێگر مانگە. بەڵکو هەست بەوە دەکات کە ڕووداوەکە لە شێوەی پەیوەندیەکی عەقڵی ولۆجیکی پەیوەستکراوە بە ڕووداوی (بوون بە مانگ) لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی مەجازیەوە بۆ ئەوەی ئاماژە بەوە بکات ( کە کچەکەی ئەو وەکو مانگ جوانە). ئەمەش ئەو ڕاستیە ڕوونەدەکاتەوە کە لێکەوتە بریتییە لە گەیاندنی کردەیەک لە ڕێگەی گوتنی شتێکی تر. (Kurdistan Rafiq Mohedd 2008, p.58) لێکەوتەکانی ئاخاوتن(لێکەوتەی پراگماتیکین، و کۆمەڵە هێمایەکی نێردراون کە پەیوەندییان بە پەیوەستبوونی قسەکەرانەوە هەیە بە بنەماکانی هاریکاری). (پەروەر عبدالرحمن **صالح** ٢٠١٣، ل.٧٢). لە زماندا دوو جۆرە لێکەوتەی ئاخاوتن هەن:

**١ـ لێکەوتەی باو یان پەیوەست بە کۆمەڵ: Conventional Implicature**

مانا وەدەرکەوتەی ئەم ئاخاوتنە لە ئەنجامی واتایەکی بارکراوی نوێ کە لەلایەن قسەکەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی‌ـل وشەی تایبەتی کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون بەرجەستە دەبێت، بێ گوێدانە ئەو دەروبەرەی کە ئاخاوتنەکەی تێدا دێتە ئەنجامدان. ئەم جۆرە لێکەوتەیە لە ئەنجامی ڕێککەوتن لەلایەن کۆمەڵەوە ستاندەرکراوە . ئەو وشە تایبەتیانەی کە لێکەوتەی باویان لی دەکەوێتەوە پێیان دەگوترێت ئامرازی دانەپاڵ (Conjunction) یاخود بەستنەوە بۆ نموونە وەکو (بەڵام، تەنانەت، کوێرا، هێشتاش .....) ئەم وشانە زۆربەی جار دوو ئاخاوتن یاخود دوو ووشەی لە یەکتر جیاواز بەمەبەستی دەربڕینی یەک مانا بە یەکەوە دەبەستنەوە مانایەکەش لە دەرەنجامێکی هاوبەش لە نێوان قسەکەرانەوە دەکەوێتەوە. (لێکەوتەی باو پەیوەست نابێت بە بنەماکان لەبەر ئەوەی لە لایەن ڕێککەوتنی کۆمەڵەوە پێشکەش کراون.(Kurdistan Rafiq Mohedd 2008, p.61 ) ئێستاش چەند نموونەیەک لەسەرئەم بابەتە تاوتوێدەکەین:

**١٠٩ - ڤیانی هاوڕێم هەژارە بەڵام بەختەوەرە.**

لێرەدا وشەی (بەڵام) لە ئەنجامی بەیەکگەیاندنی دوو وشەکە لەوانەیە ئەگەر بەبێ هەبوونی (بەڵام) سەیریان بکەین لەیەکتر دوورن لە ڕووی واتاوە، بۆتە هۆی دروستکردنی لێکەوتەیەکی نوێ ئەویش ئەوەی هەموو کاتێک هەژاری هۆیەک نیە بۆ لە دەستدانی بەختەوەری. بۆ نموونە:

**١١٠ ـ کوێرا ئەوهەموو ئیشەت تەواو کرد.**

لەم ڕستەیەدا ( كوێرا ) ئاماژەیە بۆ شتێك كە زووتر لە كاتی پێویستی خۆی ئەنجامدراوە. واتە هەبوونی ئیشێكی زۆر مەرج نییە كاتێكی زۆری بوێت. لێكەوتەكە ئاماژە بە زوو تەواوبوونی ئیشەكان دەكات، كەوا پێدەچێ قسەكەر ئەم پەلەپەلەی بە دڵ نەبێت.

**١١١ - لەم ژوورەدا ساردكەرەوەش پێ یە هێشتاش هەر گەرمە.**

دووبارە دەبینین وشەی (هێشتاش) بۆتە گەیەنەرێك لە نێوان دووباری جیاوازدا ولێكەوتەیەكی نوێی دروستكردووە (بە گشتی ئەم لێكەوتەیە لە ئەنجامی بەزاندنی بنەماكانی هاریكارییەوە دێتە ئاراوە) (محمد معروف فتاح ٢٠١١، ل.٢١٦)

## ٢-٨-١ لێكەوتەی گفتوگۆی ئێستایی: Conversational Implicative

ئەم لێكەوتەیە تایبەتیە و پەیوەستە بە گفتوگۆی ئێستایی لە نێوان قسەكەراندا و دەرەنجامی لێكەوتەكەش بە دەوروبەرەوە بەستراوەتەوە، واتە (تەنیا لە دەوروبەرێكی ئێستایی و ناسراو لەلایەن گوێگر و ئاخێوەرەوە ڕوودەدات بۆ ئەوەی بناسرێتەوە) (پەروەر عبدالرحمن صالح ٢٠١٣، ل.٧٣) ئەم لێكەوتەیە پەیوەستە بە جێبەجێكردنی بنەماكانی هاریكاری لە نێوان قسەكەراندا. دەتوانین بڵێین ئەم لێكەوتەیە بریتییە (لەو دەرەنجامە واتاییانەی كە ئاماژەیان پێ نەكراوە لەلایەن قسەكەرەوە بەڵام گوێگر لە ئەنجامی وەڵامێكەوە كە وا دادەنرێت پارێزگاری كردووە لە بنەماكانی هاریكاری بەرجەستەیان دەكات) (Kurdistan Rafiq Mohedd 2008, p. 62) بۆ نموونە ئەگەر ئاخاوتنێكی نێوان دوو هاوڕێ وەر بگرین:

**١١٢- پ - ئەرێ كە لە نووسینی نامەكەت تەواو بوی چی دەكەی؟**

**١١٣- و - یەك ڕۆژ بەتەواوی بەس دەنووم.**

ئەو دەركەوتەیەی كە لە وەڵامی گوێگرەوە بەرجەستە دەبێت ئەو ڕووندەكاتەوە كەوا دیارە گوێگر زۆر شەونخوونی كردووە بەمەبەستی نووسینی نامەكەی بۆیە زۆر تامەزرۆی نوستنە هەر بۆیەش بڕیاریداوە دوای تەواوبوونی لە نووسینی یەك ڕۆژ بەس بخەوێ، ئەم گفت و گۆیە دەبێ لە دەوروبەرێكی وا ئەنجامبدرێت كە گوێگر وقسەكەر هەمان ئاستی ڕۆشنبیریان هەبێت. بۆ نموونە هەردووكیان قوتابی ماستەر بن بۆ ئەوەی هەردوكیان لە یەكتر تێبگەن. لە هەندێك ئاخاوتندا گوێگر بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری قسەكەر وشەیەكی خوازراو دەكاتە وەڵامی پرسیارێك كە قسەكەرەكە یاخود بلێین پرسیاركەرەكە لەو ئەنجامەی كە لە دەركەوتەی وەڵامەكەوە دەستیدەكەویت لە گوێگرەكە تێدەگات بۆ نموونە كاتێك كەسێك لە باوكێك دەپرسێ

**١١٤ - ئەرێ كوڕەكەت زیرەكە لە قوتابخانە ؟**

**١١٥ - دەڵێی بولبولە .**

ئەوەی لەم ئاخاوتنەی سەرەوە دەكەوێتەوە ئەوەیە كە باوكەكە زۆر دڵنیایە لە زیرەكی كوڕەكەی. هەر بۆیەش بە بولبولی دەچوێنی هەرچەندە بەپێی بنەماكانی هاریكاری دەبوایە وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵێ یان نەخێر بوایە، بەڵام قسەكەر گوێ بەم لادانە نادات و وا دادەنێ كە گوێگر پارێزگاری لە بنەماكان كردووە. چونكە ئەو یەكسەر دەركەوتەی وەڵامەكەی بۆ ڕووندەبێتەوە و لەوە تێدەگات كە وەڵامەكە بە (بەڵێ) یە و هیچ گرفتێكیشی بۆ دروست نابێت لە تێگەیشتن لە مانای ئەم دەركەوتەیەی.

## ئەنـــــجام

لە كۆتایی لێكۆڵینەوەكەماندا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە

١- مەبەستی سەرەكی لە دروستكردنی پەیوەندی لە نێوان گوتنەكاندا وەرگرتن و پێشكەشكردنی زانیاریی بەردەوامە، پێكهێنانی ئەم زانیارییەش پەیوەستە بە ڕۆنانی سینتاكسی پێكهێنەكانی ڕستەوە. هەرچەندە ئاخێوەرانی هەر زمانێك لە ڕێگەی پەیوەستبوون بە لەبەرچاوگرتنی ڕاستیی واتایی دەتوانن شوێنگۆڕكێیەكی ڕێگەپێدراو لە ڕۆنانی سینتاكسیی ڕستەدا ئەنجام بدەن، كە زۆرجار ئەم شوێنگۆڕكێیە دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی ئاخاوتن.

٢- لە ڕوانگەی ڕێزمانی نوێدا زمان تەنها هۆكارێكی وەسفكردن نیە بەڵكو لەشێوەی ئامێرێكی بەرهەمهێنەردایە و كردەی جۆراو جۆر بەرهەم دەهێنێ وەكو (هەواڵدان، پرسیاركردن، گوزارشتكردن، فەرماندان، هەڕەشە، ڕاسپاردن.....هتد ).

٣- ئاخێوەران مەرج نیە هەموو كاتێك ڕاستەوخۆ مەبەستەكانی خۆیان دەرببڕن، بەڵكو دەتوانن لە ڕێگەی بەكارهێنانی فۆڕمێكی تایبەت بە جۆرێكی دیاریكراوی ڕستە مەبەستێكی ناڕاستەوخۆ بپێكن. ئەم بەكارهێنانە ناڕاستەوخۆیانەش پەیوەست دەبن بە بارودۆخ و دەوروبەری جیاوازەوە.

٤- مەبەستی سەرەکی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی زمان نەپچڕانی پەیوەندی نێوانیانە، هەربۆیەش مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵدەدەن لەگەڵ یەکتردا هاریکار بن بۆ بەردەوامیدان بەم پەیوەندییە ئەویش لەڕێگەی جێبەجێکردنی کۆمەڵە بنەمایەک کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون.


**سەرچاوەکان**

**١. سەرچاوە کوردیەکان**

**أ. کتێبەکان:**

١- ئاڤێستا کمال محمود ( ٢٠٠٩ ) پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی .

٢- تاڵیب حوسێن عەلی (٢٠١١) واتاسازی و چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت- هەولێر.

٣- سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٩) زمانناسی و هەندێ بابەتی زمانناسی کوردی، کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی زمانناسی یە.

٤- عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠ ) دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی — سلێمانی.

٥- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١٠ ) واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت- هەولێر.

٦- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠١١) زانستی پراگماتیک، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک- هەولێر.

٧- عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٩ ) کاریگەری واتای دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر.

٨- ڤیان سلێمان حاجی ( ٢٠٠٩ ) کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلآت و بەستنەوە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.

٩- کاروان عومەر قادر ( ٢٠٠٨ ) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک- سلێمانی.

١٠- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠ ) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: شێروان حوسەین خۆشناو، شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆهەلآت- هەولێر.

١١- محمد معروف فتاح ( ٢٠١١ ) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

١٢- محەممەد محەممەد یونس عەلی ( ٢٠١٠ ) دەروازەیەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت- هەولێر.

١٤- محەمەدی مەحوی (٢٠٠٩) زانستی هێما، واتا و واتا لێکدانەوە، ب دووەم.

١٣- یوسف شەریف سەعید (٢٠١١) زمانەوانی، کۆکردنەوەی نەریمان خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلآت- هەولێر.

١٥- مقداد شاسواری ( ٢٠٠٧ ) زمان- هێز- ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە - هەولێر.

١٦- یوسف شەریف سەعید(٢٠١٠) زمانەوانی و گشت ئەو ئەڵقانەی کە لەوەوە سەریانهەڵداوە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ( ٩ ) .

**پ . نامەی ئەکادیمی ( ماستەر ودکتۆرا )**

١٧- ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح ( ٢٠٠٩ ) شێوازی گوتنی فەرماندان لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکیە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر- کۆلێژی زمان.

١٨ پەروەر عبدالرحمن صالح ( ٢٠١٣ ) هەندێ لایەنی کۆمەلآیەتی پراگماتیک ( زمانی بواری پزیشکی بە نموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

١٩- دیار عەلی کمال کریم (٢٠٠٢) ڕێزمانی کوردی، ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢٠- ڕەحیم قادر سورخی ( ٢٠٠٥ ) ڕۆڵی واتا لە پرۆسیسسی پێوەندییە گشتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢١- سازان رضا معین (٢٠٠٥) واتا و دەوروبەر، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢٢- شلێر ڕەسول محەمەد بەرزنجی ( ٢٠٠٤ ) یاساکانی داڕشتنی لارستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٣٠- طالب حسین علی ( ١٩٩٨ ) هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەنی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢٩- عومەر مەحمود کەریم ( ٢٠٠٩ ) سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانە پێشەکیەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

٢٣- عبدالباقي اکرام احمد ( ٢٠١٢ ) واتا و مەبەست لەپەندی پێشینانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢٤- قیس کاکل تۆفیق ( ١٩٩٥ ) جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢٥- گۆنا عومەر عەبدوڵلا ( ٢٠١٣ ) دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا ( بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ) نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سلێمانی.

٢٦- میدیا جلال مجید ( ٢٠١٢ ) سینتاکس وسیمانتیکی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

٢٧- نەوزاد ئەنوەر عومەر ( ٢٠٠٨ ) کۆزەتیف لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە.

٢٨- هێمن عەبدولحەمید شەمس( ٢٠٠٦ ) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەلآیەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

٢٩- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ( ٢٠٠٣ ) ڕستە و پاش ڕستە تێڕوانینێکی ئەرکی، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلآحەددین — هەولێر.

**٢. سەرچاوە عەرەبیەکان:**

٣٠- جون لاینز( ١٩٨٧ ) اللغة و المعنی و السیاق، ت:د. عباس صادق الوهاب، ، ط١،دار الشؤون الثقافية العامة — العراق ،بغداد.

٣١ـ عبدالهادي بن ظافر الشهري( ٢٠٠٤ ) استراتيجيات الخطاب، مقاربة لغوية تداولية، ط١، دار الكتب الوطنية، بنغازي، ليبيا.

٣٢ـ مجيد عبدالحليم الماشطة (١٩٨٠) علم الدلالة،مطبعة جامعة البصرة.

٣٣ـ محمود عكاشة (٢٠٠٥) دراسة لغوية تطبيقية في ضوء نظرية الاتصال، دار النشر للجامعات. بصرة

٣٤ـ محمود عكاشة ( ٢٠٠٧ ) علم اللغة و مدخل نظري في اللغة العربية، دار النشر للجامعات- مصر.

**٣. سەرچاوە ئینگلیزییەكان:**

36-Andrew Radford (2012) **An Introduction to English sentence Structure**, , Cambridge university press.

37-Andrew Radford, et al, (2009 **) Linguistics An Introductio**, United Kingdom,cambridge university press.

38-Ann E. baker and kess Hengeveld (2012 **) Linguistics**, first published Printed in Singapore

39-George Yule (2010 ) The Study of Language, Fourth Edition, Cambridge University press,

40-John Lyons ( 1996 **) Linguistics Semantics An Introduction**, Re printed, published by press Syndicate of University of Cambridge.

41-Jean Aitchison (2012) **Words in the mind An Introduction to the Mental Lexicon**, Blackwell Publishing.

42-John I. Saeed( 2009 **) Semantics**, Third Edition Blackwell, Publishing, United Kingdom

43-Kurdistan Rafiq Moheddin ( 2008 **) A Study of the Cooperative Principle and Implicatures In English and Kurdish**, a thesis of Master, College of the Languages, Salahaddin University.

44-P.H Matthews (2011) **Oxford Concise Dictionary of Linguistics**, Second Edition, Oxford University press, New York.

45 - Maggie Tallerman (1998) **Understanding Syntax**, Oxford University. Press, New York

46- Siobhan Chapman ( 2013 ) Pragmatics, Second Edition, University of Newcastele

47-V.J.cook and Mark Newson (2007) **Chomsky's Universal Grammar, An Introduction,** 3d edition,Blackwell,Australia.

## ملخص

هذه الدراسة الموسومة ب (تكوين المعلومات و الأفعال الكلامية)، وقد تم تقسيم هذه الدراسة الى محورين عدا المقدمة: أما المحور الأول من الدراسة قد يعرض فيه الفرق بيت النحو و التداولية من خلال بعض المفاهيم اميزة مثل المعلومات الجيدة و القديمة، التقديم و التعليق، و التضاد، و مبني للمجهول ....... الخ . أما المحور الثاني فقد جاء الحديث عن تحليل وظيفة اللغة في اطار نظريات الأفعال الكلامية. وتلت هذين المحورين الخاتمة ضمناها بعض النتائج و عرض اقتراح، اضافة الى قائمة المصادر و متخص البحث بلغتي العربية و الأنكليزية.

## Abstract

This paper is entitled 'Information Structuring and Speech Acts'.In addition to an introduction, it consists of two parts. In the first , the difference between syntax and pragmatics in structuring and conveying information in communication process will be explain through some distinguishing concepts such as topic and comment , contrast and unknown…etc. The second part is devoted to analyzing the function of language within the framework of Speech act theory. Finally, some conclusions and suggestions are presented along with list of references.